Kirkuk University Journal of Humanities Studies[1]
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.160187.1212*

Date of research received 13/05/2025, Revise date 12/06/2025 and accepted date 18/06/2025

# The elements of place and unfamiliar in both (The red palace ) and (a child on the moon) the novel of (Hiwa kader)

**Rebaz qadir yaseen**
**Prof. Dr. Mahdi Fatih Omar**

**Abstract**

This research entitled (Elements of Place and Unfamiliarity in Both The Red Palace and A Child on the Moon of Hope Qadir) is an attempt to reveal the poetry of the novels and unfamiliarity.The concept of the unfamiliar consists of a number of principles, which ultimately play their role in deviating from the rules of spoken language and creating a kind of ambiguity and uncertainty in the text. These principles are drawn into the circle of literature (poet , novel, theater….) , and (Hiwa Kader) is one of those novelists who has a poetic language and style and brings a poetic and unfamiliar world into his novels through the elements and techniques of the novel. He works on the familiar world of everyday life and classifies it according to the elements and techniques of the novel, that is, he uses every element for the sake of poetry. In this study, according to the formalists, we have worked on the element of (place) in both novels. We will focus on the principles, types, and characteristics of the (element of place in novels), which led to the spread of novels.

**Word keys** : unfamiliar , formalists , element , place,

IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

# عنصر المكان و الغرابة في روايتي هيوا قادر (القصر الأحمر و طفل علئ القمر)

ريباز قادر ياسين[2]

أ.د. مهدي فاتح عمر[3]

**الملخص**

يتكون مصطلح الغيرمألوف من المجموعة قيم، هذا البحث بعنوان (عناصر المكان والغرابة في روايتي القصر الأحمر وطفل على قمر الأمل قادر) هو محاولة لكشف شعرية الروايتين والغرابةالتي يكون لها تأثير علي انزياح عن لغة الاوصاح وتشكيل نوع من الغموض والايحام في النص،و هولاء القيم يدخلون الي دائرة الادب و يصبحون سبب في انتاج الاعمال الرائعة في كل جنس من الاجناس الادب كال (الروايه، الشعر، المسرح.....) و(هيواقادر) هو احد الروائين الذي يمتلك لغة واسلوب شعري يستطيع ان ينتج عن نحوصة في الرواية عالم شعري غيرمألوف، وذالك من خلال جوانب و تقنيات الرواية، التي يتعمل علي فهم جوانب الحياة اليوميية، وصنفهم حسب جوانب وتقنيات الرواية وذالك من اجل شعرية روائية، وهذا البحث تم اعدادة بناء علئ اراء ومقاريات (الشكلانين) علئ جوانب (المكان) في كلا روائيتين، و نقف علئ ذلك الخصائص والانواع في(جوانب المكان) الذي يصبح سبب في تشكيل صفة او تركيب غيرمألوف في الروايات،

**الكلمات الدالة:** غير مألوف، الشكلانين، عنصر، المكان،

[2] قسم اللغة الكردية/ماجستير_الأدب/كلية التربية/جامعة جرمو rebaz.qadr@chu.edu.iq
[3] قسم إدارة البيئة/ كلية العلوم البيئية-شربازهر/ جامعة السليمانية mahdi.omer@univsul.edu.iq

# نامەئلوفی شوێن لە هەردوو ڕۆمانی

# (کۆشکەسورەکە) و (منداڵێک لە سەرمانگە) ی (هیوا قادر)دا


**پوختە**

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە بەناونیشانی( توخمی شوێن و نامەئلوفکردن لەهەردوو ڕۆمانی کۆشکەسوورەکە و منداڵێک لەسەر مانگە) ی (هیواقادر) هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی شیعریەتی ڕۆمانەکان و نامەئلوفکردن، نامەئلوف وەکو چەمکێک پێکدێت لە کۆمەڵێک بنەما، سەرەنجام ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە لادان لە یاساو ڕێساکانی زمانی ئاخاوتن و دروستکردنی جۆرێک لەتەم و مژی و نادیاری لەدەقدا، ئەم بنەمایانە سەر دەکێشنە نێو بازنەی ئەدەب و دەبنە هۆی داهێنانی کاری جوان و شایستە لە هەرژانرێکی ئەدەبیدا(شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە،....) (هیواقادر) یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی خاوەن زمان و ستایلێکی شیعرییە لە دەقدا دوونیایەکی شیعری و نامەئلوف لە ڕۆمانەکانیدا دێنێتە کایەوە، هەروەها لە ڕێگەی توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمانەوە کار لەسەر ئەو دونیا مەئلوفانەی ژیانی ڕۆژانە دەکات، بەپێی توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمان پۆلێنی کردووە، واتا سوود لەهەر توخمێک وەردەگرێت، لەپێناو شیعریەتی ڕۆمانەکەیدا، لەم توێژینەوەیەماندا بە پێی بۆچوونی فۆرمالیستەکان کارمان لە سەر توخمی (شوێن) لە هەردوو ڕۆمانەکەدا کردووە، لەسەر ئەو بنەماو جۆر و تایبەتمەندیانەی (توخمی شوێن) لەڕۆمانەکاندا دەوەستین، کە دەبنە هۆی نامەئلوفکردنی ڕۆمانەکان،


**کلیلە وشەکان:** نامەئلوفکردن، فۆرمالیستەکان، توخم، شوێن،

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە

جەختکردنەوە لە سەر شیعریەت و بنەما هونەرییەکانی دەقی ڕۆمان، یەکێکە لەو ئەرکانەی ڕۆماننوس پێویستە لە ڕۆمانەکەیدا بایەخی پێبدات، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە (توخمی شوێن و نامەئلوفکردن لە هەردوو ڕۆمانی(کۆشکەسورەکە)و (منداڵێک لەسەر مانگە)ی هیواقادردا، تێکڕای ئەو بنەماو جۆرانەی نامەئلوفکردن لەتوخمی شوێندا دەخەینەڕوو، دەبنە هۆی نامەئلوفکردنی ڕۆمان،

### سنووری توێژینەوەکە

سنووری ئەم توێژینەوەیەمان لە چوارچێوەی هەردوو ڕۆمانی (کۆشکەسورەکە)و(منداڵێک لەسەرمانگەی)ی هیواقادرە، نموونەی دەقی توخمی شوێن

لە ڕۆمانەکاندا وەرگیراون، جەخت لەسەر لایەنی شیعریەتی ڕۆمانەکان دەکەینەوە لەڕووی فۆرمەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکاریدەهێنین بۆ کارکردن لە ڕۆمانەکانی هیوا قادر، بە پێی میتۆدی ڕەخنەی فۆمالیستی و بەتایبەت بۆچوونەکانی (فیکتۆر شکلۆڤسکی) لە سەر بنەمای (هونەر وەکو تەکنیک) لە هەردوو ڕۆمانەکەدا کاری لەسەر دەکەین.

**گرفتی توێژینەوەکە**

بەو پێیەی شیعریەت و نامەئلوفکردن ئامانجی سەرەکیمانە لەم توێژینەوەیەدا، بۆیە دوچاری چەندین گرفت بوینەوە لەدەستکەوتن سەرچاوەی پێویست لەسەر پرۆسەی نامەئلوفکردن لەدەقدا بەتایبەت نامەئلوفکردن لەڕۆماندا،بەزمانی کوردی توێژینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆیە پشتمان بە سەرچاوەی عەرەبی و فارسی بەستووە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا توخمەکانی ڕۆمان بەتایبەت (شوێن) یارمەتیدەری سەرەکیمان بوون لەدۆزینەوەی شیعریەت و نامەئلوفی هەردوو ڕۆمانەکە،

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە سەرەتا لە پوختەی توێژینەوە بە هەرسێ زمانەکانی (کوردی،عەرەبی ،ئینگلیزی) و پێشەکی توێژینەوەکە دەست پێدەکات، لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا زیاتر جەختمان لە سەر لایەنی تیۆری توێژینەوەکە کردووەتەوە و بەسەر دوو تەوەردا دابەشمان کردووە، تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی نامەئلوفکردنمان خستووەتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا ئەو خەسڵەتانەی نامەئلوفکردن لەدەقدا دەیهێنێتەکایەوە، بە چەند خاڵێک ئاماژەمان پێداوە.

لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، بەشێوەی پراکتیکی نامەئلوفکردنی توخمی شوێن لە هەردوو ڕۆمانەکەدا دەخەینەڕوو، بەشەکە بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، لە تەوەری یەکەمدا جەختمان لەسەر ڕۆڵی توخمی شوێن لەڕۆماندا کردوەتەوە، هەروەها لە تەوەری دووەمی بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا جۆرەکانی توخمی شوێن لە ڕووی هەبوون و لە ڕووی پەیوەستبوونەوە بەشێوەیەکی پراکتیکی و بەهێنانەوەی نموونە لە هەردوو ڕۆمانەکەدا کارمان کردووە.

## بەشی یەکەم/ توخمی شوێن و نامەئلوفکردن لەڕۆماندا

### تەوەری یەکەم/چەمک و زاراوەی نامەئلوفکردن،

### یەکەم: چەمکی نامەئلوفکردن

نامەئلوفکردن بۆ یەکەمجار و لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەن (ڤیکتۆرشکلۆفسکی)یەوە، کە یەکێکە لەتیۆریستەکانی فۆڕمالیستە رووسەکان پێشنیاز کرا، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ میتۆدێک لەهونەر و ئەدەبدا و ئامانجی لابردنی بابەتێک یان دیاردەیەک لە چوارچێوەی مەئلوف(ئاشنا) و بەکارهێنانی لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی و جیاوازدا، بۆ ئەوەی بینەر یاخود خوێنەر بتوانێت لە چوارچێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە ببینێت، چەمکی((نامەئلوفکردن پەیوەستە بەناوی ڕەخنەگری فۆڕمالیستی ڕووسی(ڤیکتۆرشکلۆڤسکی )یەوە کە لە وتارێکیدا بەناونیشانی (هونەر وەکوو سەرسوڕمانێک)ئەم چەمکەی داڕشتووە، ئەم چەمکە لەوانەیە لەئاستی تێگەیشتنی ڕۆژانەدا ڕووبدات یاخود لەزمان و پێکهاتەی گێڕانەوەدا))(ئەحمەدی،١٣٨٤ :٤٧)

دەتوانین چەمکی نامەئلوفکردن بە جۆرێکی تر بخەینەڕوو، بۆنموونە لە هەردوو چەمکی (شکان و درزبردن ) بڕوانین و هەردوکیان لە گۆشەیەکەوە سەیر بکەین: کاتێک گوێم لە ڕووداوی مردنی باوکی تۆ دەبێت دەڵێم: دڵم شکا، یان هەواڵی کۆچی باوکت دڵی شکاندم، ئەمە زیاتر کاریگەری لەسەر تۆ دەبێت یان ئەگەر بڵێم بە بیستی هەواڵی کۆچی باوکت دڵم درزی بردووە؟! ڕاستە پرۆسەی شکان لەڕووی زاراوەوە کاریگەرترە و شوێنەواری زیاتر لەدوای خۆیەوە لای بیسەر بەجێدەهێڵێت، بەڵام بۆ ڕووداوی مردن یان کۆچی دوایی کەسێک، دڵشکان هێندە بەکارهاتووە، کە ئاسایی بۆتەوە و ڕەنگە زۆر کار لە بیسەر نەکات، بەڵام درزبردنی دڵ چونکە پێشتر بیسەر نەیبیستووە و بەلایەوە تازەیە، لەڕووی سۆز و کاریگەرییەوە شوێنەواری زیاتر بەجێدەهێڵێت))(کدکنی،1392 :2)، بە واتایەکی تر نامەئلوفکردن شتە باو و دووبارەبووەکان نائاسایی و ڕۆمانسی یاخود نا ئاشنای دەکات بە خوێنەر، بێگومان بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە زمان و فۆڕم یاخود شێوازی پێشکەشکردن، بە بڕوای شکلۆڤسکی ((زمانی شیعری دەتوانێت(مەئلوفیەت)بشێوێنێت و وامان لێبکات بەشێوەیەکی جیاوازو نوێ سەیری شتەکان بکەین، ئەمەش بەهۆی توانای زمانی شیعری یان ئەدەبی بۆ(دروستکردنی نامۆیی)یان بە نامەئلوفکردنی جیهانی مەئلوف ئەنجام دەدرێت))(وێبستەر،٢٠١٧:،٨٤) نامەئلوفکردن لە هەموو هونەرەکاندا بێ کۆتاییە،

هەر جۆرە گۆڕانێك لە بابەتی ئەرك و هونەرسازیدا دێتە ئاراوە دەبێتە هۆی نامەئلوف و لەباوترازان.

ئەم چەمکە(نامەئلوفکردن) لە بواری ئەدەبیاتدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە بەکارهێنانی میتافۆرو پێکەوە گرێدانی دەربڕینەکان، یاخود دووبارە داڕشتنەوەی کلێشە بە شێوەیەکی داهێنەرانە بۆنموونە وەسفی شاعیر(گۆران)لەسروشدا، بەجۆرێك وەسفی سرووشتمان بۆدەکات خوێنەر ئەزموونێکی نوێ و چێژ وەردەگرێت، بێگومان ئەو کەرەستانەی کە (گۆران)ی شاعیر بەکاریدەهێنێت مەئلوفن، هەروەها لەسینەما وەکو فیلمە سووریالیەکان کە گێڕانەوە پشتگوێ دەخەن بۆ ئەوەی بینەر بیربکەنەوە، هەموو ئەم جۆرە تەکنیك و گۆڕانکارییە لەپێناو بەخشینی دەقێکی ناباو یان دیمەنێکی نامەئلوف و نامۆیە، ((شکلۆڤسکی هەوڵی دا ئەم چەمکە (نامەئلوفکردن) بناسێنێت و بیرو ڕاکانی جێبەجێ بکات، لە ڕێگەی لێکۆلینەوە لە هەریەکێك لە ڕۆمانە دەستنیشانکراوەکانی (لۆرانس سترین)(تریسرام شاندی) بەجۆرێك لەم لێکۆڵیەنەوەیەیدا ئەو ڕێگاو تەکنیکانەی باسکرد کە نامەئلوفکردنی ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدات وەکوو تەکنیکەکانی: خاوکردنەوە و درێژکردنەوە وبڕینی ڕووداوەکان Abrams,1993 :56)) )لەبەر ئەوەی ئامانجی هونەر گواستنەوەی هەستی شتەکانە وەك ئەوەی دەبینرێن ((تەکنیکی هونەر بۆ ئەوەیە شتەکان بکات بەنامەئلوف، یاخود شێوەکان(فۆرم) گرانتربکات، بۆ زیادکردنی قورساییەکان بۆ زیادکردنی مەودای پەیبردنە))(تاهیر،2023 :497) لێرەدا مەبەستی شکلۆفسکی ئەوەیە نامەئلوفکردن لەدەقی ڕۆمانەکاندا چۆن دێتە کایەوە؟ ئەو تەکنیکانەی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕۆمانەکەدا بەکاردەهێنێت، کە لە ڕێگەی توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمانەوە سوودیان لێ دەبینین دەبێتە هۆی گێڕانەوەیەکی ئەدەبی جیاواز لە گێڕانەوەی ئاسایی، هەروەها چەمکی نامەئلوفکردن لە ڕۆماندا ((پشت دەبەستێت بەو شێوازو گێڕانەوە جیاوازانەی کە (میخائیل باختین) بۆ شێوازگەری دیاریکردووە، واتە: یەکە شێوازگەرییە نا ڕێکەکان کاتێك دەکەونە نێو جیهانی ڕۆمانەوە لە نێو خۆیاندا کۆدەبێتەوە لە چوارچێوەی سیسمێکی دیاریکراودا))(صالح،2020 :٦٦)

واتا چەمکی نامەئلوفکردن کردەی یەکگرتنی هەموو ئەو یەکە جیاوازانەی زمانی ڕۆژانەیە لە چوارچێوەیەکی نامەئلوفدا، هەموو ئەو یەکانەش لەڕێگەی توخمەکانی ڕۆمانەوە ڕۆڵی نامەئلوفکردنی دەقی ڕۆمان دەبینن، چونکە ڕۆماننووس

دەتوانێت لەڕێگەی مامەڵەکردنێکی هونەرییانەی ووردەوە لەگەڵ کەرەستە زمانییەکاندا داهێنانی ئەدەبی بخولقێنێت.

**دووەم:زاراوەی نامەئلوفکردن**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فۆرمالیستی ڕووسی (نامەئلوفکردن)ە بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە هاوشێوەی زۆربەی زاراوەکانی تری ناو ئەدەبیات لەڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە، بۆ یەکەمجار فۆرمالیستەڕووسەکان ئەم زاراوەیەیان بەکارهێنا، شکلۆفسکی لەساڵی (١٩١٩) ئەم زاراوەیەی هێنایە کایەوە و لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا دایڕشت، ئەم زاراوەیە بە ڕوونی لە وتارێکیدا دەرکەوت کە بەناوی (هونەر وەکو تەکنیک) پێی وابوو هونەر و وهێزی هونەری خۆی لە نامەئلوفکردندا دەبینێتەوە، بەپێی زمانە جیاوازەکان ئەم زاراوەیە بەچەند شێوازو واتایەکی جیاواز بەکارهێنراوە.

)لطیف زینونی) لە کتێبی (معجم مصطلحات نقد الروایه) زاراوەی (التغریب) بەکاردەهێنێت، بەو واتایەی: جیاکردنەوەی شتەکان بە هۆی پێدانی وێنەیەکی تازە وتاک کردنەوەی، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە دەبێت کە وشەیەکی ناسراو بۆ پێکهاتەیەکی تازە بەکاربهێنرێت، پێشکەشکردنی شتێک بە شێوەیەکی نوێ کە لە واتای زانراوی خۆی دەربیکات)) (زیتونی،٢٠٠٢:٢٤) لەگەڵ ئەوەشدا (محمد بوزواوی لە کتێبی(معجم المصطلحات الادبیه) دا بەواتای ( Exotism) لێکدانەوەی بۆ دەکات، بەواتای (الاغرابیه)دێت، بریتییە لە :گەڕان بۆ هەموو نامۆکان و نامەئلوفەکان لەژیاندا، کە لەڕێگەی کارە ئەدەبییەکانەوە گوزارشتی لێبکرێت)(بوزواوی،2003 :33) هەروەها ((مەسعود بابایی لە وەرگێرانی کتێبی یەکەمی (پێکهاتەو ڕاڤەی دەق) ی (بابک ئەحمەدی)دا ئەم زاراوەیەی بە(ناسیاوی سڕینەوە) بەرامبەر بە ( Defhmilarization) ی زمانی ئینگلیزی بەکارهێناوە، بە هەمان بۆچوونی (شکلۆفسکی): ((هونەر تێگەیشتنی هەستیارانەی ئێمە دووبارە ڕێکدەخاتەوە و ڕێسا ناسراوو پێکهاتە بەڕواڵەت جێگرەکان دەگۆڕێ))(ئەحمەدی،٢٠٠٤:٥٩)

لە (نظرییة الادب) ی (تۆدرۆف)دا، زاراوەی (الاغراب و الافراد)ی بە کارهاتووە، بە هەمان شێوە بەواتای نامۆیی و نامەئلوفکردن، هەروەها هاو واتای زاراوەی فەرەنسی ( Singularisation)هەربۆیە (ابراهیم الخطیب)زاراوەی (الاغراب والافراد)ی بەواتای (تەغریب) بەکارهێناوە))(ئەمین،2023 :15) وەکو ئاماژەمان پێدا بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لە ڕووسیەوە وەرگیراوە، بەڵام بە پێی زمانە جیاوازەکان گوزارشت لەم

زاراوەیە کراوە، لەزمانی کوردیشدا ئەم زاراوەیە بە چەند شێوەیەک بەکارهێنراوە، (محمد تاتانی)لە وەرگێڕانی کتێبەکەی (بەسام قەتوس) (دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ) زاراوەی (نامۆکردن) ی بەرامبەر بە وشەی(التغریب) ی زمانی عەرەبی و( Defamiliarization)ی زمانی ئینگلیزی بەکارهێناوە، بەواتا: ئەوەی واتا بەهونەر دەبەخشێت، ئەوەیە دەتوانێت ئاشنایی شتەکان نەهێڵێت و نامۆیان بکات بۆ ئەوەی بە جۆرێکی نوێ و چاوەڕوان نەکراو ئەوشتانەمان پێشان بداتەوە)) (قەتووس،2010 :52) هەروەها لە کتێبی (تیۆری ئەدەبی_جۆناسان کالەر)کە (سەنگەر نازم و هیمدادحسێن)لەزمانی فارسیەوە وەریانگێراوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم زاراوەیان بە(نامۆیدان)وەرگێڕاوە.

لە لایەکی ترەوە (عەتا قەرەداغی) لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبی)ی (ڕۆجەر وێبستەر)کە (عەتا قەرەداغی) وەرگێڕانی بۆ کردووە لەزمانی ئینگلیزییەوە، زاراوەکەی بە (نامەئلوفکردن) باسکردووە، بەو واتایەی زمانی شیعری دەتوانێت مەئلوفکردن بشێوێنێت و وامان لێ بکات بە شێوەیەکی جیاواز و نوێ سەیری شتەکان بکەین،) (وێبستەر٢٠١٧:٨٤) ئێمە لە توێژینەوەکەمان ئەم زاراوەیەمان پەسەند کردووە لەبەر ئەم هۆکارانە.

**وشەی (باو):** ئەم وشەیە ڕەنگە بە تەواوی مەبەستی(مەئلوف)نەگەیەنێت، چونکە دواتر ئەوەی پرۆسەی نامەئلوفکردن دێنێتە کایەوە وشە(مەئلوف)کان یاخود ئاشناکان لە زمانی ڕۆژانەو ژیانماندا بەکاری دەهێنین، بەڵام وشەی (باو)وەک ئەوەیە سەردەمێک شتێک نرخی هەبێت ومۆدێل بێت، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا بەسەربچێت.

**وشەی(ئاشنا):** ئەم وشەیە دەتوانین تا ڕادەیەک سوودی لێ ببینین بەرامبەر وشەی (مەئلوف) بەو پێیەی لە نامەئلوفکردندا شتە ئاشناکان بەکاردەهێنین و دووبارە بەرگی نامەئلوف(نامۆ)یان بە بەردا دەکەین، بە تایبەت وشەی ڕۆژانە بە بەکارهێنانی لە دەقدا بە جیاوازییەکی زۆر و زمانێکی جوان و پڕ ئیستاتیکی بەتایبەت لەشیعر و ڕۆماندا.

**وشەی(ڕاهاتن):** ئەم وشەیە لەزمانی کوردیدا تا ڕادەیەکی زۆر ئەو مەبەستە دەگەیەنێت کە ئێمە لەگەڵیدا ڕاهاتووین، دەتوانین بڵێین ئەوشتانە دەگرێتەوە کە مەئلوفن لە ژیانماندا، بەڵام نووسەر دێت هەر ئەوشتانە بەکاردەهێنێت لەپێناو دەقێکی جوان ئیستاتیکی، بەنموونە ( ئاسمان) لەلای هەموومان شتێکی ئاشنایە، بەڵام دەبینین

ڕۆماننوسێک یاخود شاعیرێک ئاسمان لە دەقێکی ئەدەبیدا بەکاردەهێنێت، بەرگێکی شیعری پێ دەبەخشێت، ئێمە چەندینجار گوێمان لێبووە وتراوە(ئاسمان گریا) لێرەدا نامەئلوفکردن دێتەکایەوە چونکە (گریان) تایبەتە بەمرۆڤ و نووسەر لەپێناو نامەئلوفکردنی دەقەکەیدا، بەو جۆرە دایڕشتووە، بەم پێیە (ڕاهاتن)بەرامبەر مەئلوف لە زمانی کوردیدا تاڕادەیەکی باش هاو واتایە،

**تەوەری دووەم :تایبەتمەندییەکانی نامەئلوفکردن**

ئەو تێڕوانین و بۆچوونانەی لە بارەی زانستی جوانیناسییەوە هەن، چەندین ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرن، هەر یەکێکیان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە ڕۆڵی خۆیان لەڕازاندنەوەو شیعریەتی دەقی ئەدەبیدا هەیە، هەموو ئەو بۆچوونانەش لەوەدا یەک دەگرنەوە کە پرۆسەی نامەئلوفکردن گرنگییەکی تەواو بەزمانی دەق دەدات و ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە تێکشکاندنی سیستمی زمانی فیزیکی، چەمکی نامەئلوفکردنیش لەپێناو هاتنەکایەوەی زانستی جوانیناسیەوە هاتووەتە کایەوە، گومان لەوەدا نیە نامەئلوفکردن لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر هەڵبژاردەییە، چونکە ئەوە شێوازی نووسەرە بڕیاردەدات تاکوو چەند نامەئلوفکلردن لە دەقەکەیدا دێتە کایەوە، پەیوەندی بە خولیا و هەستی ڕۆماننوسەکەوە هەیە، نا مەئلوفکردن بەپێی توخم و تەکنیکەکان لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تر جیاوازە، ئەو کەرەستەو هۆکارانە بۆ ڕۆماننوس پێویستە لە پێناو شیعرییەتی دەقەکەی.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە نامەئلوفکردن لە زمانی گێرانەوەی ڕۆماندا تا چ ڕادەیەک بەژدارە لە بەدیهێنانی ئەو خەسڵەتانەی کە لە ئەنجامی نامەئلوفکردن لەدەقی ڕۆماندا دێتە کایەوە، چونکە زمان ڕۆڵی تایبەتی هەیە لەنامەئلوفکردندا ((زمان ڕۆڵەکی سەرەکیٚ د گەهاندنا هزرێن مرۆڤیٚ دا دگێریت. ئەڤ چەندەژی ب ڕێکا سیستەمەکیٚ ڕێکخستنی یێ ڕێزمانی ل پەی یاسایێن زمانی یێ هەر نەتەوەکیٚ دبیت))(سعید، 2024 :1265) بەم پێیە دەتوانین زمان بە هۆکارێکی گرنگی پەیوەندییەکان و شیعریەتی دەقی ڕۆمان دبنیین، ((ڕۆمانەکانی سەرەتای پەیدابوونی ڕۆمانی کوردی وەکو هەر نەتەوەیەکی جیهان زادەی مێژوو و کلتوری کۆمەڵگای کوردین، بە سوود وەرگرتن لە بەرهەمی پێشین و ناوەڕۆکە میللی وفۆلکلۆرییەکانەوە نووسراون، وەرگرتنی فۆڕمی گێرانەوە و نووسین وەک هونەرێکی نوێ بە ڕۆمان دەناسرێت، لەئێستادا بناغەی خۆی داڕشتووە))(کەسنەزانی،٢٠٢، :١٤٢) بەم پییە ئەوەی

لەڕۆمانی نوێدا بنەمای جوانیناسی کایەیەکی گرینگە، ڕۆماننوس بە سەلیقە و توانای خۆی دەیهێنێتەکایەوە.

لە بارەی گێرانەوەی ئەدەبی کوردییەوە چەند خاڵێک دیاری دەکرێت، دەبنە هۆکارێک بۆ زیندوو هێشتنەوەی زمانی گێڕانەوە، کۆمەڵێک بنەمای گرنگن، دەبنە هۆی ئەفراندی مانای جیاواز و ڕاڤەی جیاواز بۆ مرۆڤ و ژیان، هەموو ئەوانە بەشێکی گرنگی ئەفرێنەری جوانیناسی ناو ڕۆمانن بریتین لە: ئەندێشە، سەیرو سەمەرەیی، ناڕووکاری(نامۆکاری)، چێژ، سەرسامکردن......هتد))(محمد،٢٠٠٤ :١٥٤) بێگومان هەموو ئەمانە چەند خاڵێکن پێویستە ئێمە لەسەریان بوەستین، لە بەرئەوەی هەریەکەیان پەیوەستن بە نامەئلوفکردنەوە لە ڕۆماندا، بەو واتایەی ڕۆماننوس کاتێک لە دەقەکەیدا نامەئلوف دێنێتە کایەوە لە پێناو چەند خاسیەتێکی نامەئلوفکردنە بۆئەوەی دواجار خزمەت بەفۆڕمی دەقەکەی بکات، چونکە گێڕانەوەی ڕۆمان پێویستی بەخواستی خوێنەرە پەیوەندی نێوان ڕۆماننوس و خوێنەر گرنگترین پەیوەندییە، بە لێهاتوویی فکری ڕۆماننوس دەستەبەردەبێت، دەتوانێت لە ناو سیستمی دەقی گێڕانەوەدا وێڕای بونیاتی پتەو وجوان و چنراو، لۆجیک درووست بکات، ڕووداوەکان لە ڕووی هۆ و ئەنجامەوە یەکبگرنەوە، بەم پێیەش دەقی گێڕانەوەکە فۆرمێکی ئیستاتیکی دەبەخشێت، لێرەدا چەند خاسیەتێکی نامەئلوفکرد دەخەینەڕوو پێویستە ڕۆماننوس لە دەقی ئەدەبی و گێرانەوەی ڕۆماندا بیهێنێتە کایەوە.

**یەکەم:سەرسامکردن:** ئەم چەمکە لەبنەرەتدا بەستراوەتەوە بە وەرگرەوە، قوتابخانە ڕەخنەییە مۆدێرنەکان درکیان بەڕادەی سەرسامکردنی دەقی ئەدەبی کردووە و گرنگییان پێداوە، تەنانەت بە شێوەیەک باسیان لێ کردووە هێناویانەتە نێو بازنەی داهێنانەوە، ئەو ئامانجەی کە ڕۆماننوس لەپێناویدا هەوڵ دەدات سەرسامکردنی خوێنەرە بە دەقە ئەدەبییەکە، ئەوەش لەبەر ئەو هۆکارەی کە خوێنەر زوو هەست بە بێزاری نەکات لە خوێندنەوەی دەقەکەدا و هەست بە شتی نوێ و سەرسامی بکات، بێگومان سەرسامکردن لە پرۆسەی نامەئلوفکردنی دەقدا لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تر جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە شیعردا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە هەیە لە لایەن شاعیرەوە بەکاردەهێنرێت، وادەکات جۆرێک لە سەرسامی لە لای خوێنەری دەقە شیعرییەکە درووست بێت، لە شانۆدا ئەدا و نواندنی کارەکتەرەکانی نێو شانۆنامەکە، ڕۆڵی کارگەریان لە سەرسامکردنی خوێنەر یاخود

بینەر هەیە، واتا هەموو ئەم تەكنیكانە ڕۆڵی كاریگەریان لە نامەئلوفكردنی دەقدا هەیە، بە هەمان شێوە لە ڕۆمانیشدا كۆمەڵێك تەكنیك و توخمی سەرەكی هەیە، وادەكەن زمانێكی ئیستاتیكی و هونەری لەدەقەكەدا بێتە كایەوە و ببێتە هۆی سەرسامكردنی خوێنەر، ((لەرۆماندا سەرسامكردن یەكێكە لە بنەما گرینگەكانی گێرانەوە، ئەم چەمكە پەیوەندی راستەوخۆی بەچنینی پلۆتەوە هەیە، چونكە خوێنەر ئەگەر بتوانێت یەک بە یەكی جوڵەكانی پلۆت پێشبینی بكات، ئەوا ئاڵوودەی گێڕانەوەكە نابێت، هەر بۆیە جووڵەكان نەک نابێت چاوەڕوان نەكراوبن، بەڵكوو دەبێت لە گەڵیشیدا باوەڕپێكراوبن))(لاج.1388 :135) لێرەدا خوێنەر هەمیشە هەوڵ دەدات لەگەڵ رووداوەكاندا بەردەوام بێت، خستنەڕوو و چنینی ڕووداوەكانی ناوڕۆمانەكە دەبێتە هۆیەک بۆ سەرسامكردنی خوێنەر و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕووداوەكاندا، بەم پێیە ڕۆماننوس هەمیشە سەرنجی لەسەر ئەو توخمانە دەبێت كە سەرسامی لەلای خوێنەر درووست بكات و وێنەیەكی هونەری وجیاواز بێننەكایەوە، ئەو پاڵنەرانەی لە دروستكردنی نامەئلوفدا دێنەكایەوە، ئەوەیە كە وادەكەن ڕووداوەكانی نێو ڕۆمان گێڕانەوەیەكی جیاوازی هەبێت، ڕۆماننوس لە گێڕانەوەی ڕۆمانەكەیدا وێنەیەكی نامۆ و نا ئاسایی لەچنینی ڕووداوەكاندا بێنێتەكایەوە،

**دووەم:خەیاڵ وەكو رەگەز:** لەگەل ئەوەی ئێمە زۆرجا دەگەڕێننەوە بۆ واقیع لە بەرهەمی ئەدەبیدا، زۆربەی كاتەكان واقیع بەزادەی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی دەزانین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵ كاریگەرییەكی تەواوی لەسەر نامەئلوفكردنی دەقی رۆمان هەیە، هەرچەندە بەرهەمی ئەدەبی بە شێوەیەكی گشتی بەرهەمی خەیاڵن، بەڵام لە ڕۆماندا ئەو خەیاڵە زیاتر كاریگەری لەسەر بە هونەریكردنی دەقی رۆمان هەیە، داهێنانی خەیاڵ پەیوەستە بە تواناو دەسەلاتی ڕۆماننوس لە چۆنیەتی بەكارهێنان و چەسپاندنی لە دەقی ڕۆمانەكەیدا، (تۆدرۆڤ) لەبارەی ئەدەبیاتەوە دەلێت: ((ئەگەر بمانەوێت بەزمانێكی لۆجیكی بدوێین، دەبێت ئەرخەیان بین لەوەی، كەهیچ ڕستەیەكی دەقی ئەدەبی نەراستیەو نەدرۆ))(تۆدرۆڤ،1382 :39) بەو واتایەی ناكرێت ئێمە لەئەدەبیاتدا بەدوای واقیعدا بگەرێین و خەیاڵ فەرامۆش بكەین، بەهەمان شێوەش داگیركردنی دەقی ئەدەبی و نقوم كردنی لەخەیالدا بە هونەریكردنی خۆی لەدەست دەدات، بەلكو هەریەكەیان لە نامەئلوفكلردنی دەقی رۆماندا پشكی خۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین خەیاڵ لە پەرەپێدانی داهێناندا لە لای ڕۆماننوس ڕۆڵی كاریگەری لە نامەئلوفكردنی دەقدا هەیە،((خەیاڵ گرینگترین هەلبژاردەكانی هزرە بۆ

پێشکەشکردنی بابەتی نوێ و جیاواز، چونکە خەیاڵ ناوچەی بۆشایی و کارپێکەری ئازاد و کارگەی پێکهێنان و سیناریستی ڕێکخستنەکانە، هەرخۆیشی نیشتیمانی دیزاین و شێوەپێدانە)) (الساعدی.2015 :122) ڕۆماننوس کاتێک ڕۆمانێک دەنوسێت، تێکڕای ڕووداوەکانی ناخاتە قاڵبی واقیعەوە، بەڵکوو لەپێناو داهێنانی ئەدەبی و نامەئلوفکردنی پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی پەنا بۆ خەیاڵی داهێنەرانە دەبات، چونکە ((خەیاڵی داهێنەرانە:بریتیە لەو جۆرە بیرۆکانەی، کەبەرهەم وکاری مەزن و گرینگ و کەم وێنە بەرهەم دەهێنن)) (ابراهیم.2025 :138(

دەتوانین بلێین: خەیاڵکردن یەکێکە لەو پرۆسە گرینگانەی پەیوەندی بەڕۆماننوسەوە هەیە ئەویش لە یاریکردن بە ڕووداوە خەیاڵیەکان و باسکردنی بابەتی نا ئاسایی لە ڕۆمانەکەیدا، بە کارهێنانی خەیاڵ وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ نامەئلوفکردنی دەقی رۆمان پەیوەندی بە هونەری گێڕانەوەیە لەڕووی بونیاد و چنینەوە، هەروەها ئەم هونەرە(خەیال) لەوەدا شاردراوەتەوە کە گێڕانەوە نامەئلوفەکان لەدەقی رۆمانەکەدا لەو شتە مەئلوفانەی زمانی فیزیکی ڕۆژانەدا بێنێتە کایەوە، نە وەک بە بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لەگرێ، بۆیە دەتوانین بڵێن گرینگترین خەسڵەتی نامەئلوفکردن خەیاڵە، ئەویش بەلێهاتووی وردی ڕۆماننوس لەبەکارهێنانی ئەندێشە و بیری خۆیدا.

**سێیەم:جوانی وداهێنان:** بەرهەمی ئەدەبی لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قوولی کەسێکی خاوەن دونیابینی و تایبەتمەند دێتە کایەوە، بێگوومان هەموو بەهەم و دەقێکی ئەدەبی لە نووسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر جیاوازە، واتا ناتوانین بە هەموو بەرهەمێک ئەدەبی بلێین زادەی جوانی و داهێنان، بەڵام لەگەل ئەوەشدا ڕۆماننوسی بە توانا دەتوانێت لە ڕێگەی کەرەستە مەئلوفە کانی زمانی ئاسایی نامەئلوف بهێنێتەکایەوە، بە ڕادەیەک ببێتە هۆی بەخشینی جوانی بەدەقەکە و داهێنان، یەکێک لەو خەسڵەتانەی نامەئلوف بەخشینی جوانی و داهێنانە لەئەنجامی هێنانە کایەوەی دەقی نالۆجیکی و نامۆدا، بەشێوەیەک کە تێکڕای خەیاڵ و بیروبۆچوونەکان لەخزمەتی نامەئلوفکردنی دەقەکەیدا دەخاتەروو،

پێشتر( ئەریستۆتالیس) لە بارەی جیاوازی گێڕانەوە و مێژووەوە ئەو جیاکارییەی کردبوو، مێژوو ئەوەی هەبووە دەیگێڕێتەوە، بەڵام چیرۆک و ڕۆمان ئەوە دەگێڕێتەوە ئەگەری ڕوودانی هەیە،یاخود ڕووی داوە، بۆیە لێرەدا گێڕانەوە داهێنانە،

ئەفراندنە، لە گێڕانەوەدا توخمەکان و تەکنیکەکان بەژدارن، بە تایبەت چنین و کەسێتی سازی و ئەندێشەی ڕۆماننوس، ((بەشێکی زۆری بە هونەریبوونی گێڕانەوە، جیاوازی لەگەڵ گێڕانەوەی ئاسایدا ڕەنگرێژی و پلۆتە، کە وادەکات بە هۆی نەخشەی گێڕانەوە و لێزانی و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گێڕانەوە و جیاوازی گۆشەنیگاکانەوە، بەسەرهاتە زۆرەکان بکرێن بەداهێنان و نموونەی دەقی باو ودیار.))(کەسنەزانی،2022 :55) هەروەها مامەڵەکردنی زمانیش لەم نێوانەدا هەم بۆ شیعر هەم بۆ ڕۆمان لەسەر ئاستی لادان لە زمانی ئاسایی و باو و لۆجیکی، ڕۆڵی خۆی هەیە لە هێنانە کایەوەی داهێنان و جوانی لەدەقی ڕۆماندا، ((دەربرینی هونەری لەئەدەبیاتدا، بەشێوەی دەستەواژە و وێنە دەبێتە هۆی داهێنان و بەهای هونەری بەرزی دەبێت و ڕەتکەرەوەی بیرکردنەوەی زانستیانە و لۆجیکیانەیە))(هەمان سەرچاوە :54)) بەو واتایەی هەموو ئەو دەربڕینە لۆجیکیانەی لەزمانی فیزیکی ڕۆژانەدا بەکاردێت، سەرجەمیان لەنێو بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەتدەکرێنەوە ئەویش لە پێناو نامەئلوفکردنی دەق، چەندین جار لەدەقی ئەدەبیدا دەستەواژەو گری و ڕستەی نامەئلوفمان بەرچاو کەوتووە، کەڕەنگە لەزمانی ئاسایدا بەکاریبهێنین شتێکی نالۆجیکی بێت، بەلام لەدەقی ئەدەبیدا نامەئلوف دێنێتە کایەوە وەکو(شەربەتی دیدار)،(تانەگریا ئاسمان)(مانگی من)

ئەم دەربرینانە بە تایبەت لەدەقی شیعریشدا بەرچاو دەکەون، بەهەمان شێوە لە ڕۆمانیشدا، بەتایبەت ڕۆمانە فەنتازییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئاشناکردنی خوێنەر هەیە، بە وشەو دەستەواژەی نامەئلوف، بەتایبەت لە توخمەکانی رۆماندا ڕۆماننووس بە شێوەیەکی گشتی کار لەسەر ئەو دەربرینە کاریگەرانە دەکات لە توخمەکاندا ببێتە هۆی نامەئلوفکردنی دەقی ڕۆمانەکە، ئەویش لەپێناو هێنانە کایەوەی جوانی و داهێنان لەڕۆمانەکەدا،

لەگەڵ هەموو ئەوانەی کەباسمانکرد سەبارەت بەداهێنانی ئەدەبی لەرێگەی کەرەستەنامەئلوفەکان و ڕووداوی خەیاڵی و ئەندێشەی ڕۆماننوسەوە، هەندێکجار جوانی و داهێنانی ئەدەبی لەرێگەی لەگێرانەوەی واقعیشدا بەرجەستە بکرێت، واتا ئێمە تەنها پەیوەستی نەکەین بەئەندێشەو خەیاڵی ڕۆمانووسەوە، بۆنموونە لەڕۆمانی (کۆشکەسوورەکە)ی هیوا قادر، چەندین ڕووداوو گێرانەوەی واقعی لەڕۆمانەکەدا بوونیان هەیە، ڕۆماننوس بە دەربڕینێکی جیاواز گێراویەتیەوە لەچوارچێوەی زمانێکی

شیعری، لێرەدا خەیاڵی داهێنەرانەی ڕۆماننوس هۆکارە بۆ سەرسامی بەدیکردنی جوانی و داهێنان لەلای خوێنەر.

## (بەشی دووەم)

## نامەئلوفکردنی شوێن لەهەردوو ڕۆمانی (کۆشکەسوورەکە)و (منداڵێک لەسەر مانگە)

شوێن بە یەکێک لە توخمەکانی بونیاد و پەیکەری رۆمان دا دەنرێت، رۆڵێکی تایبەتیشی لە بواری زمانی دەقی ڕۆمان و شیعریەتی دەق و نامەئلوفکردنی رۆماندا هەیە، بەو پێیەی کۆی توخمەکانی تری ڕۆمان (کات وکارەکتەر و ڕووداو) لە ڕۆماندا پێویستیان بەپانتاییەک هەیە، کەئەویش توخمی شوێنە ڕۆڵی هەیە لە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە و پەیوەندییەکی پتەوی بەتوخمەکانی تری ڕۆمانەوە هەیە ((شوێن ئەو پانتاییە، یان ئەو ڕووبەرە بەرجەستەیەیە کە کارەکتەر لەوێدا دەجوولێت وچالاکی دەنوێنێت، هەردەم کارەکتەر و شوێنیش کار لە یەکتری دەکەن)) (حەسەن،2023، :٩٤) شوێن لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤیشدا ڕۆڵی خۆی هەیە، چونکە دەتوانێت کاریگەری دروست بکات ((شوێن کاریگەری کردووەتە سەر مرۆڤی بەرایی بەڵام ئەم کارتێکردنە، وەنەبێ کارتێکردنێکی یەکلایی بێت تەنها لەلایەن شوێنەوە بێت بەسەر مرۆڤ بەڵکو مرۆڤیش لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا کاریگەری کردووەتە سەر شوێن)) (محمد، علی، 2021 :430) بێگومان مرۆڤ هەمیشە هەوڵ دەدات بە دوای شتە شاراوەکاندا بگەڕێت و شوێنەکان تاقیبکاتەوە، هەوڵ بدات کاریگەری شوێنەکان لەسەری ڕەنگبداتەوە، هەروەها توخمی شوێن پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کاتدا هەیە زۆرجار لەگەل کاتدا پێکەوە دێن((ڕەگەزی شوێن لەگەڵ کاتدا پێکەوە گرێدران و پێکەوەش ڕوونتر گرنگییان دەردەکەوێت، چونکە شوێن بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەر کات لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەوە تێبپەڕێت ئەوا شوێن بەهۆی وەسفەوە بەرجەستە دەبێت))(حەسەن،٩٣:٢٠٢٣(

بەو واتایەی کاتێک پرسیار لە کاتێک دەکەین دەپرسین (کەی؟) وە لە دوایدا پرسیاری (لەکوێ)دێتە گۆڕێ، بۆیە پەیوەندیان پێکەوە لە چیرۆک و رۆماندا کاریکەری لەسەر نامەئلوفکردنی رۆمان هەیە، جوانی و هونەری بە زمانی گێڕانەوە دەبەخشێت ((بونیادی ڕۆمان بە بێ شوێن دەبێتە هۆی درووستبوونی کەلێن لە ڕۆماندا و پەیکەری ڕۆمان دەشێوێت، جا ئەوشوێنەی لە ڕۆماندا دێت بە پێی تایبەتمەندی ڕۆماننووس گۆرانکاری بەسەردا دێت))(صالح،2020 :٥٩٨) بێگومان شوێن لەگەڵ کۆی توخمەکانی تر لە

ڕۆماندا بونیادێکی هونەری و زمانێکی ئیستاتیکی درووست دەکەن و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر چێژ لە دەق وەربگرێت،((شوێن تاکو نەبێت بە پێگەیەک و بە شێوەیەکی هونەریی مامەڵە لەگەڵ شوێنە هەڵبژێردراوەکاندا نەکرێت بەها هونەری و ئیستاتیکیەکەی گێڕانەوە بەدەست ناهێنرێت))(خدر،2012:٢١١)،بەم پێیە ئەو شوێنەی لەرۆماندا دێت پێویستە سنوورێک لە خۆی بگرێت لە پێناو وێناکردنێکی هونەری و ئیستاتیکی.

لە ڕۆمانی کۆندا زیاتر بایەخ بەو شوێنانە دەدرا لە ڕووی بیناسازی و شوێنی جوگرافییەوە تارادەیەک واقعی بوون((شوێنی ناو ڕۆمانی تەقلیدی زۆر لەشوێنی بیناسازی و جوگرافی نزیک دەبێتەوە، چونکە نووسەر هەوڵی نیشاندانی واقیعیانەی شوێنەکە دەدات، وەک خۆی وەسفی دەکات، وەسفێکی ماتریالانە کە لەکامێرای وێنەگرتن دەچێت))(سالح،2011، :54) واتا شوێن لە ڕووی فیزیکییەوە بایەخی سەرەکی ڕۆماننوس بووە، لەگەڵ ئەوەی ئەو شوێنەی لە ڕۆماندا دێتەکایەوە مەرج نیە واقعی بێت، بەڵام هەندێک خەسڵەت و سیفەت لە واقیعەوە وەردەگرێت، بەم جۆرە شوێن لە ناو ڕۆماندا دەبێتە واقیعێکی پڕ لە ئەندێشەی درووستکراو کە ڕۆماننووس لە پێناو چێژی دەقی ڕۆماندا وادەکات کە تاڕادەیەک لەواقیعەوە نزیک بێت، زمانێکی شیعری بێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی جیاوازبێت لە گێڕانەوەی ئاسایی و زمانی ڕۆژانە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەڕۆمانی نوێدا و لە دوای پەیدابوونی ڕۆمانی (شەپۆلی هۆش) شوێن وەک شتێکی کورتکراوە و تێپەڕ بایەخی پێدەدرێت،(( شوێن دەگەڕێتەوە بۆ زەینی کەسایەتییەکان، خوێنەر لە ڕێگەی زەینی کەسایەتییەوە هەست بە شوێنی نێو ڕۆمان دەکات، مەبەست لەوەیە کاتێک خوێنەر لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە هەست بە شوێنەکە دەکات، یاخود لەڕێگەی وەسفی ماڵێکەوە کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە ئاشکرا دەبێت، هەموو ئەمانە گوزارشت لەوە دەکەن کە پەیوەندی شوێن بەکۆی توخمەکانی ڕۆمانەوە پەیوەندییەکی پتەوە))(صالح،٢٠٢٠ :٦٠٠) بەم پێیە توخمی شوێن ڕۆڵی سەرەکی لە زمانی دەقی ڕۆمان و لە ڕازاندنەوەی دەق و وەسفی هونەری دەقی ڕۆمان هەیە، وێنەیەکی جوانیش پێشکەش بەخوێنەر دەکات و دەبێتە هۆی بەخشینی چێژی ئەدەبی،((شوێن لەڕۆماندا پێویستی بەزمانێکی وێنەیی هەیە،تاکوو بە سەلیقە و وردییەوە وێنەکان بگرێت و خەسڵەتی واقیعیان پێبدات و لەگەڵ جیهانی ڕۆماندا بگونجێت))(صالح،2020 :602)

بێگومان شوێن ڕۆڵێکی گرنگی لە پێکهێنانی زمانی ئەدەبی و هونەری هەیە و پرۆسەی نامەئلوفکردن دێنێتە کایەوە، هەروەها لەشوێندا بەپێ زۆربەی سەرچاوەکان، بۆ چەندین جۆر پۆلێن کراوە، دیارە شوێن لە ڕۆماندا فرەجۆرە لەڕووی بەکارهێنان و پەیوەستبوونەوە ئەمەش هۆکاری ئەوەیە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی بنچینەیی ئاماژە بە جۆرەکانی شوێن نەکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر ڕۆماننوسێک دەیەوێت بە شێوەیەک لەگەڵ سرووشت و جۆرەکانی ڕۆماندا بیگونجێت ئەو کات ئاماژە بەجۆرەکانی شوێن لەڕۆمانەکەدا دەکات، ئەوەش باروودۆخی ژینگەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری لەڕۆماندا کاریگەرییان لەسەر شوێن هەیە، زۆربەی توێژینەوەکان کە ئەنجام دراون لەسەر جۆرەکانی توخمی شوێن، بەشێوەیەکی کۆنکریتی جۆرەکان دیاری نەکراون، بەڵکوو تاکو ئێستا لێکۆڵەران و ڕەخنەگران تەبا نین لەسەر پۆلێن کردنی جۆرەکانی شوێن لە ڕۆماندا، بێگومان ئەمەش پەیوەندی بەفرە ڕەهەندی و فرەچەشنی شوێنەکانەوە هەیە. دیارە لێکۆڵەران هەریەکەیان لەڕێگەی ڕوانگەیەکی تایبەتی خۆیانەوە دەیانەوێت دەست نیشانی جۆرەکانی شوێن بکەن، زۆرجار بەپێی سرووست و جۆرەکانی ڕۆمان جۆرەکانی توخمی شوێنیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا بەپێی میتۆدی کارکردنمان لەڕۆمانەکاندا جۆرەکانی شوێنمان پۆلێن کردووە .

**تەوەری یەکەم: شوێن لەڕووی هەبوونەوە:**

ئەو ڕۆمانانەی کە کاری لەسەر دەکەین ڕۆماننوس لەڕووی هەبوونەوە دووجۆر لە شوێنمان پێ ئاشنا دەکات، یەکەم: خواستی ئەو جۆرە شوێنەیە کە دەشێت لە واقیعەوە سەرچاوەی گرتبێت ڕۆماننووس ئاشنای خوێنەری بکات، دووەم: بەرهەمی بیرکردنەوەی قووڵ و ئەندێشەی ڕۆماننوسە، زیاتر لەڕێگەی زەین و هۆشەوە دەیئافرێنێت، بۆیە دەتوانین بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشی بکەین.

**أ: شوێنی واقیعی**: ئەم جۆرە شوێنە لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی واقیعی و لەژیاندا بوونی هەیە دەشێت خوێنەری دەق، لەم جۆرە شوێنە ژیابێت یاخوود پێی ئاشنا بووبێت یاخوود ئەم شوێنەی نەبینیبێت، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا پێی ئاشنا دەبێت، واتا ئەم جۆرە شوێنە مرۆڤ دەتوانێت لەسەری بژیت وبەکاری بهێنێت دەشێت بە پێی مێژوو گۆڕانکاری بەسەردابێت، ((شوێن بەردەوام لەگۆڕاندایە بۆیە دەشێت بەپێی مێژوو گۆڕانکاری بەسەردابێت چ لە ڕووی شێوەوە یاخوود دیمەنەوە یاخود شوێنێکی واقیعی

بەرەو كاول بوون بچێت بە هۆكاری جەنگ یاخوود هەرهۆكارێكی سروشتی بێت))(سالح،2023: 17 )

ڕۆماننووس ئەم جۆرە شوێنانە بە ناوی خۆیانەوە لەڕۆمانەكەیدا بەكاردەهێنێت، بەبێ ئەوەی ناوی خوازراو بۆشوێنە واقیعیەكە بەكاربهێنێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە بە شێوەیەک خوێنەر هەست بەوە بكات كە شوێنەكە لە واقیعدا بوونی هەیە، یارمەتیدەریشە بۆ ئەوەی ئاستی هونەری و ئیستاتیكی ڕۆماننووس دەربكەوێت، واتا ئەو شوێنە واقیعیە مەئلوفە لە چوارچێوەیەكی نامەئلووفدا نووسەر ئاماژەی پێدەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم شوێنانە لەناو زەین و هۆشی خوێنەردا وەكوو شوێنێكی هەستپێپێكراو ئاماژە پێبدات، ((شوێنی واقیعی وامان لێدەكات ئەو جێگایانەمان بەبیربێنێتەوە كەتێیدا ژیاوین، یاخوود خەونمان پێوە دەدیت كەتێیدا بژین))(سابیر،2001:326)، بۆیە ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە كە دەبێ ڕۆماننوس بەشێوەیەكی ورد مامەلە لەگەڵ ئەم جۆرە شوێنەدا بكات، چونكە ناتوانێت بەئارەزووی خۆی زانیاری بۆ زیاد بكات، ڕەنگە هەندێكجار خوێنەر زانیاری تەواوی لە سەر ئەوشوێنە هەبێت كەڕۆماننووس ئاماژەی پێداوە.

لە ڕۆمانی (كۆشكە سورەكە)دا خوێنەر هەست دەكات لە بەردەم كۆمەڵێک شوێنی واقیعیدایە، كەدەشێت واهەست بكەین هەریەكێک لەو شوێنانەمان بینیبێت، یاخوود حەز و ئارەزوومان بێت لە داهاتوودا تێیدا بژین، بێگومان بەخشینی ناوی واقیعی لە ڕۆماندا زیاتر بۆ چێژی خوێنەرە، هەروەها هەست كردنی ڕۆماننوسە بە وەی پێویستە لە ڕۆمانەكەیدا شوێنە مەئلوفەكان لە واقیعدا بوونیان هەیە، لە فۆرمێكی ئەدەبیدا بەكاری بهێنێت، بۆ ئەوەی شیعریەت بەدەقی ڕۆمانەكە ببەخشێت، بەكارهێنانی ئەو شوێنە واقیعیانەی وەكو (فڕۆكەخانەی سلێمانی ، بەیرووت، شەقامی حەمرا، زانكۆی ئۆكسفۆرد...هتد) بەلای خوێنەرەوە ئەو شوێنانە مەئلوفن، ئەگەر سەردانی بەشێک لە شوێنەكانیشی نەكردبێت، بەڵام گوێی لێبووە، دەزانێت ئەم جۆرە شوێنانە واقعین، ڕۆماننوس لەپەرەگرافێكدا چەند شوێنێكی واقیعیمان بۆ تەوزیف دەكات، كاتێک گێڕەرەوە ئاماژە بەوشەوە دەكات كە ساراخاتوون، هاتووەتە هەرێم، ((نیوەشەوێک ساراخاتوون و مەنسوور ئاغا بە فڕۆكەیەكی هێڵی بەریتانی لە فڕۆكەخانەی سلێمانی دادەبەزن، سیامەند بە ئۆتۆمبێلێكی جامڕەش دوای سەعاتێک دەیانگەیەنێتە ناوكۆشكی سوور، لەو شەوەوە ساراخاتوون ژیانێكی تر دەژی، كە هەرگیز لە ژیانی ئەو بیست

وسێ ساڵەی ڕابردووی تەمەنی ناچێت، پێنج ساڵ دوور لە ماڵە باوانی، لە ناوچەیەکی پەناهەندە نشینی شاری لەندەن، لە ساوسهاڵ لە شوقەیەکی بچوکدا دەژی، ساڵێکە مێژووی هونەری لەزانکۆی ئۆکسفۆرد تەواوکردووە))(قادر،٢٨:٢٠٢١) لە پەرەگرافێکی تردا ڕۆماننوس کاتێک یارخان و مەنسوورئاغا دوای یەکتر ناسینیان، ئاماژە بەوشوێنە واقیعیانە دەدات، کە هەردووکیان پیاسەی لێدەکەن و دەیانەوێت بۆی بگەڕێنەوە ((دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی هەتاوی مانگی ئەپریلە، مەنسوورئاغاو یارخان بەسەر شۆستەیەکی دووردودرێژی کۆرنیشی شاری بەیرووتدا بە هێواشی پیاسە دەکەن......مەنسوورئاغا بە کاوەخۆ چاوەڕوانی دوا وەڵامی یارخانە بۆ بڕیاری گەڕانەوەی لەگەڵ ئەودا بۆ کوردستان، دەنا هەر ئەمڕۆ لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست، لەم شارەدا کەچەند ساڵێکە لەجەنگی ناوخۆ قوتاری بووە، بۆ دواجار یەکتری بەجێ دێڵن))(قادر،٤٩:2021) لەم ڕۆمانەدا زیاتر شوێنە واقیعیەکان لە خزمەتی هەرسێ کارەکتەری بەهێزی نێو ڕۆمانەکەدایە ئەوانیش (مەنسوورئاغا، ساراخاتوون، یارخان) لێرەدا ڕۆماننووس ئاستی هونەری لەوەدا دەردەکەوێت، کە چۆن بتوانێت ئەو شوێنە واقییانەی لە زەین و هۆشی خوێنەردا بەرجەستەکراون لە فۆڕمێکی نامەئلوفدا لەدەقی ڕۆمانەکەیدا ئاماژە پێبدات، مەبەستی سەرەکی ڕۆمانووس ئەوەیە بەبەکارهێنانی هەریەک لەم شوێنە واقیعیانە چێژێک بەخوێنەر ببەخشێت، هەروەها بۆزیاتر تۆکمەکردنی زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە سوود لەو شوێنە واقیعیانە وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس دەیەوێت بەشێوەیەکی هونەری کاریگەری وێنای شوێنی واقیعی لەسەر خوێنەر درووست بکات،

لە ڕۆمانی (منداڵێک لەسەر مانگە)دا ڕۆماننوس ناوی چەند شوێنێکی واقعی دەهێنێت ، لە ڕووی هەستەوە ئێمە لامان نامۆ نین و ئەو شوێنانە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکارمان هێناون و تێیدا ژیاوین، لەوانە (شار، گەراج، فورات، کوردستان، سەرسنوری نێوان عێراق و ئێران) هەموو ئەم شوێنانە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە بەنمونە گێڕەرەوە کاتێک باس لەکوردستان دەکات و تایبەتمەندی دەخاتەڕوو دەڵێت:(ئەزموونی سۆراخ کردنم بەدوای سەید موحسیندا فێری کردم، چیتر بە دوای یاروەلیشدا نەگەڕێم، چونکە پێم وایە لەم وڵاتە چەپەک و دوورە دەستەی کوردستان دا ئینسانە داهێنەر و گەورەکان زۆر بەبێ دەنگی دەڕۆن و دەکەونە ناو فەرامۆشییەکی ئەبەدییەوە، فەرامۆشییەک گەڕان تێیدا هەرگیز ناتگەیەنێت بە وێنە ڕاستەقینەکانی خۆیان))(قادر،(أ)2021 :50) گێرەرەوە کاتێک لەو حەقیقەتە تێدەگات کە کەسانی

داهێنەر و خاوەن ئەزموون لە کوردستاندا قەدریان ناگیرێت، بۆیە هەر زوو ون دەبن بە جۆرێک کە وەک ئەوە وابن لەم وڵاتە نامۆبن، بۆیە لێرەدا نووسەر بە شێوازێکی ئیستاتیکی شوێنێکی وەکوو کوردستان لە ڕۆمانەکەیدا بەکارهێناوە، هەروەها بۆ ئەوەی زیاتر وێنەکان لەلای خوێنەر ڕوونتربێت، ئەگینا ڕەنگە بەشێوەیەکی تەواو و بێ کەم و کورتی نووسەر مەبەستی سەرەکی کوردستان نەبێت، هەندێکجاریش ناوهێنانی ئەم جۆرە شوێنانە ڕەنگە گوزارشت لە ناسنامەو کەلتور و شوناسی نووسەر بکات،

کاتێک (یاروەلی و سیا) کوردستان بە جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە بیابانەکانی خوارووی عێراق، ڕۆژێکیان یاروەلی لە حەسرەت هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا هاتوون، ڕوو دەکاتە سەحراو زۆر دەگەڕێت، تاکو شەتەک و ماندوو دەبێت، بۆیە لە پەرەگرافێکدا هاتووە:(( کاتێک هاتمەوە سەر خۆم و تینوێتیم شکا، جگە لەو پیرەشوانە و ڕووبارەکە و ئەو مەڕ و بزنانە نەبێت کە لە دەوروبەرمان بوون، شتێکی ترم نەبینی ....لە شوانەکەم پرسی من لەکوێم؟ پێی گوتم، لای فوراتیت، پێش ئەوەی ئاو بکەم بەدەمتەوە تینوێتی کوێری کردبوویت،))(قادر،(أ)2021 :124)

بەم پێیە نووسەر ئەو شوێنە واقیعیانە بەکاردەهێنێت لە پێناو بونیاتێکی هونەری و نامەئلووف، چونکە تێکڕای ئەو شوێنە واقیعیانە بەلای خوێنەرەوە مەئلوفن، ئەمەش بۆئەوەیە خوێنەر تا ڕادەیەک هەست بکات خۆی لەنێو شوێنە واقیعییەکانی ڕۆمانەکەدا دەبینێتەوە، بەڵام لەوە گرنگتر کە نووسەر بتوانێت لە ڕێگەی زمانێکی شیعرییەوە هەموو ئەو شوێنە واقیعیانە بەکاربهێنێت.

**ب:شوێنی فەنتازی(خەیاڵی):** ئەم جۆرە شوێنە لە راستیدا لەسەر زەمین بوونی نیە و شوێنێکە پێشتر بەر هیچ یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ نەکەوتووە، بەڵکوو بەرهەمی داهێنانی هزرو خەیاڵی ڕۆماننوسن لەپێناو ڕازاندەوە و بە کارهێنانی زمانێکی ئیستایکی و نامەئلوف لە پرۆسەی گێڕانەوەدا،((ئەم جۆرە شوێنە لە مێشکی ڕۆماننوسەوە سەرچاوە دەگرێت، هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نیە))(سالح،2023 :182) زۆرجار ئەم جۆرە شوێنە لە ڕۆماندا پەیوەندی بە خولیای ڕۆماننوسەوە هەیە، لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو خولیایەی خۆی و ڕاکێشانی هزرو بیری خوێنەر و لایەنی ئیستاتیکی و جوانی دەقەکەیدا بەکاریدەهێنێت، واتە ئەندێشە(خەیاڵ) سەرچاوەی سەرەکییە لەدەستەبەرکردنی شوێنی فەنتازیدا، زۆرجار ڕۆماننوس بە بەکارهێنانی سرووشت شوێنی فەنتازی لە ڕۆمانەکەیدا دەستەبەری دەکات بە شێوەیەکی کارامە و هونەری

شوێنە فەنتازییەکە دەخوڵقێنێت، چونکە شوێنی فەنتازی زۆر دوورە لە واقیعەوە تارادەیەک بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشێت، بەم پێیە دەتوانین بڵێین شوێنی فەنتازی زادەی خەون و خەیاڵی نووسەرە، ئەو شوێنانەیە کە مەحاڵن و هەرگیز لەواقیعدا هەستی پێناکرێت،

لە ڕۆمانی (کۆشکەسوورەکە)دا چەند شوێنێکی فەنتازی هەیە، یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکان (مەنسوورئاغا) ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانیدا هەیە، بونیادنانی کۆشکی سوور یەکێکە لەو شوێنە فەنتاییانەی کە کارەکتەرەکان لە هاتنە ناویدا تووشی سەرسوڕمان دەبن، بە تایبەت ئەو پیاوە شۆڕشگێرانەی بۆ حەوانەوەی خۆیان، سەردانی کۆشکی سووریان دەکرد و لە لایەن مەنسوورئاغاوە پێشوازی دەکران،لە پەرەگرافێکی ڕۆمانەکەدا هاتووە ئاماژە بوشوێنە فەنتازییە دەکات: ((تاقە شتێکی ناو کۆشک کە مەنسوور ئاغا تا ئاستی دڵخۆشی منداڵێک خەنی دەکات، فوارەکانن، تەکنیککاری تایبەت بۆ دروستکردنی چەندەها جۆری فوارە دەهێنێت،ئەو فوارانەی بەدەنگی مۆسیقاو تیشکی سەوز وسووری گڵۆپەکان بەئاسماندا دەچن، ئەوانەی بە دەنگی پێ، بە فیکە لێدان وەک مەزاجە لە پڕەکەی خۆی، لە پڕ هەڵدەچن و کەفێکی سپی دەدەنە سەر توێی ئاوەکانیان، ئەوانەی بەسووکی وەک هێمنی جووڵاندنەوەی کلکی ماسییە سەوز و سوورەکانی ناو حەوزەشینەکان، یان ئەوانەی لەناو باخچە ژاپۆنییەکەدا خورەخوڕ لە جێگەی خۆیاندا قولپەقوڵپیانە))(قادر،2021 :21) دیارە ئەم جۆرەشوێنە بەشێوەیەک لای مەنسورئاغا سەرنج ڕاکێشە، تەنانەن نووسەر چواندوویەتی بەخەنیبوونی منداڵێک، هەروەها ڕۆماننوس سوودی لە کلتور وفەزای ژاپۆنی وەرگرتووە لە بونیاتنانی شوێنی فەنتازی نێو ڕۆمانەکەدا، دیارە ئەمەش بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە، کە خوێنەر لەگەڵ گەیشتنی بەم بەشەی ڕۆمانەکە سەرنجی بۆ جۆرێک لەشوێنێکی فەنتازی دەچێت، کەدەشێت لەواقیعدا بوونی نەبێت، هەروەها ڕۆماننووس گرینگی بە شوێنێکی فەنتازی نامەئلوف لەڕۆمانەکەدا داوە، ئەویش(هیدتۆرا)یە، مەنسوور ئاغا وەکوو ئۆفیسێکی سەرەکی خۆی لەنێو کۆشکی سوردا درووستی کردووە، کە هەندێکجار لەڕۆمانەکەدا بەماڵە ژاپۆنییەکەش ناودەهێنرێت.

لەگەڵ ئەوەی شوێنێکی نا مەئلوفە و لەلایەن مەنسورئاغاوە تایبەت دروست کراوە، کارەکتەری ساراخاتوونیش تێیدا هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکات،

کاتێکیش لەسەر داوای مەنسوورئاغا یەکێک لە حەوزەکانی نێو کۆشکی سوور بۆ (پیاوی 555) دەڕازێندرێتەوە لەسەر داوای خۆی لەگەڵ هەر حەوت حۆرییەکەدا، ئەوکات خوێنەر هەست دەکات کە ڕۆماننوس لێهاتووانە هەوڵی داوە ئەو فەزا و ژینگە ئەورووپییەی هەیە، بە خوێنەری ئاشنا بکات تا ڕادەیەکی زۆریش کاریگەری لەسەر درووست بکات، چونکە تەوزیفکردنی شوێنێک لەو جۆرە، بەکەش و هەواو دابونەریت و کلتوری کوردی نامۆیە، بۆیە بەکارهێنانی شوێنی فەنتازی لە ڕۆماندا هۆکارێکە بۆڕازاندنەوەی و شیعرییەتی دەقی ڕۆمان، هەروەها پرۆسێسی گێرانەوە ڕزگاردەکات، لە زمانی تەقلیدی بە بە کارهێنانی کەرەستە مەئلوفەکان زمانێکی شیعری نامەئلوف دەهێنێتە کایەوە.

شوێنی فەنتازی لە ڕۆمانی (منداڵێک لەسەر مانگە)دا وەکو ئەوەی ئاماژەمان پێدا شوێنی فەنتازی بە ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ واقعیدا جیاوازی هەیە، چونکە شوێنی واقیعی هەستی پێدەکەین و لە لامان نامۆ نیە، بەڵام شوێنی فەنتازی زادەی ئەندێشە و بیر و هەست وسۆزی نووسەرە و لە خەیاڵی خۆیدا ئەم جۆرە شوێنە دەنەخشێنێت، کاتێک سیاو یارەولی لە بیابانەکەدا لەو خانووەی کە مجێورەکە بۆیانی دابین دەکات دەمێننەوەوە، یەکێک لە ژوورەکان لە خانووەکەدا بەڕادەیەک فەنتازییە زۆر لەبیرکردنەوە و باوەڕی یارەولییدا جێگای سەرنجە، ڕۆماننوس لە پەرەگرافێکی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بەو شوێنە فەنتازییە دەکات ((لەژوورەکەی سیادا حاجی لەقلەقێک بەتەقە تەقی دەنووکەکانیەوە دوای ئەو بۆقە دەکەوت کە خۆی لەژێر قامیشەڵان و گەڵاکانی سەر ئەرزەکەدا شاردبووەوە، حاجی لەقلەقەکە بە دەنووکی گەڵاکانی هەڵدەدایەوە و هەزارپێ بۆرەکان لەژێریدا دەردەکەوتن، حاجی لەقلەقەکە دەیویست لە قەڵەمبازێکدا بۆقەکە بە دەنووکە درێژەکانی بگرێت، لەکەوتنە خوارەوەی یەکێک لەو قەڵەمبازانەدا بۆقەکە خۆی کرد بە ژێر ئەو بەتانیەی کە بەسەر قاچی سیادا درابوو)(قادر،(أ)2021 :112)

لێرەدا بە جۆرێکی ئەندێشەیی و (فەنتازی) وێنەی ئەو ژووەرەی سیامان پێشان دەدات، ئەوە بەدی دەکەین وەکو ئەوەی لە واقیعدا ئەو جۆرە شوێنانە نەبێت، هەروەها لەپەرەگرافێکی تردا هاتووە: ((پڵنگێک لە ناویدا باوێشکی دیدا و خۆی دەکێشایەوە، میوەکان بۆڵ بۆڵ و دەنک دەنک لە چڵ و پۆی قورس و شۆڕبووەوەی سەردیواری ژوورەکەوە دەکەوتنە خوارەوە، وەکوو دڵی من و سیا تەپەیان دەهات، هەنارەکان

خلۆردەبوونەوە و هەرلەخۆوە شەقیان دەبرد، پرتەقاڵ و لالەنگی و لیمۆو نارنج و ترنجەکان ژوورەکەیان پڕکردبوو لە بۆنی فیچقە کردووی ناو توێکڵە تەنک و ئاودارەکانیان، پۆلە هەنگەکان لە دەنکە هەنجیرە ڕەش و گەییوەکان دەئالاّن و گیزەیان لەو پەپوولە بەهەزاران هەزار ڕەنگ پۆشانەیان لەسەر گولەکان هەڵدەستاند کە باڵیان پڕبوو لەڕەنگ و گەردی خەوتوو))(هەمان سەرچاوە:112(

ئێمە لەتوێژینەوەکەماندا ئەوەی زیاتر بایەخی پێدەدەین بوونی ئەو شتە مەئلوفانەیە کە نووسەر لەدەقی ڕۆمانەکەیدا نامەئلوفی کردون، لەپێناو پێدانی زمانێکی ئیستاتیکی، بۆ نموونە هەموو ژوورێک بە لای ئێمەوە ئاساییە و مەئلووفە، بەلاّم نووسەر وای کردووە ئێمە ئەم ژوورەمان بە شێوەیەکی نامەئلوف بێتە بەرچاو، یاخوود ناوهێنانی میوەکان و باڵدار و گیانلەبەرەکان بەلای ئێمەوە مەئلوفن بەهەموو کەرەستەکانەوە شوێنێکی فەنتازی نامەئلوفیان خوڵقاندوو، لەلای ئێمە ژوورەکەیان نامەئلوفکردووە

**تەوەری دووەم: شوێن لەڕووی پەیوەستبوونەوە:**

ئەم جۆرە لە توخمی شوێن پەیوەندی بە پەیوەستبوونی کارەکتەرەکانەوە هەیە، کە ئایا کارەکتەرەکان تا چەند هۆگری شوێنەکان دەبن، یاخود بێ ئۆقرە دەبن لەوشوێنانەی کە دوورە لەحەز و خولیایانەوە و لەڕووی دەروونیەوە جێگیر نین، بۆیە لەم تەوەرەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەو جۆرە شوێنانەی کەمرۆڤەکان توانای هەڵبژاردنیان هەیە، یاخود بەسەریاندا سەپێندراوە.

**أ :شوێنی هۆگری(ئاشنا):** ئەو جۆرە شوێنەیە مرۆف تێیدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات، وەکو چۆن لە ژیانی ئاساییدا مرۆفەکان هۆگری شوێنێک یان چەند شوێنێک دەبن و تێیدا هەست بە ئارامی دەکەن و جیاواز لەشوێنی تر کەڕەنگە مرۆف تێیدا ئۆقرە نەگرێت و هۆگری شوێنەکە نەبێت، شوێنی هۆگر((ئەو شوێنەیە کە مرۆف تێیدا دەژیت و هۆگری لەگەڵدا پەیدا دەکات و زۆربەی حەز و خۆشییەکانی پەیوەندی بەوشوێنەوە هەیە و ئەوشوێنە دەبێتە تۆماری یادەوەرییە جوانەکانی))(غەفور،2024 :263) شوێنی هۆگر لە ڕووی دەروونیەوە جێگەی ئاسوودەیی و حەوانەوەیە کارەکتەرەکان تێیدا هەست بەئاسوودەیی دەکەن، ئەو شوێنانەش کوچە و کۆلاّنەکانی منالّی و هەموو ئەو شوێنانە کە تاک تێیدا ئاسوودەیە، بەهەمان شێوە لەڕۆمانیشدا کارەکتەرەکان هۆگری شوێنێک دەبن یان پەیوەستی شوێنێک دەبن جیاواز

لەشوێنەکانی تر کارەکتەر زیاتر ئەوشوێنە بە خۆیەوە وابەستە دەکات، شوێنی هۆگر بە پێی کارەکتەرکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت بۆ نموونە (ماڵ) لەنێوان ڕق و خۆشەویستیدا لەیەک کاتدا بەشوێنێکی هۆگر و ناهۆگر دەتوانین هەژماری بکەین لەگەڵ ئەوەی بەلای زۆربەمانەوە بەشوێنێکی هۆگر دادەنرێت، چونکە جێگەی پشوو و ئارامییە لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین ماڵ بۆ بەشێک لە کارەکتەرەکانی تر ڕۆڵی شوێنێکی ناهۆگر دەبینێت، چونکە هەندێکجار کارەکتەری ژنێک لەناو ماڵێکدا لە ئەنجامی چەوسانەوە و ناخۆشییەکانی ژیانی، ماڵ لەلای ئەو وەکوو شوێنێکی نا هۆگر دەبینرێت، دیارە ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە کەچۆن شوێنی هۆگر بەشێوەیەکی هونەری ئاماژە پێبدات، تاکوو شوێنەکان بەشێوەیەک وێنابکات خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانەکەدا هەستی گەڕانەوەی بۆنێو شوێنە هۆگرییەکانی ژیانی و گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردووی لەلا درووست بێت، بەم پێیە شوێنی هۆگر ئەوشوێنەیە، بە لای تاکەوە خاوەنی زۆرترین تایبەتمەندییە کە تێیدا هەست بەئارامی و ئاسایش بکات.

لە ڕۆمانی کۆشکەسورەکەدا ڕۆماننوس بە چەند شوێنێکی هۆگر ئاشنامان دەکات، لەهەمان کاتدا ئەو شوێنانە لە بنەڕەتدا مەئلوفن، لە ژیانی ڕۆژانەماندا بیستوومانە، یاخود بینیومانن، بەڵام نووسەر لە چوارچێوەی زمانێکی شیعریدا بەکاری هێناوە، بە شوێنێکی هۆگری نامەئلوف هاتووە، بۆنموونە (ماڵەکەی یارخان) لەناو کۆشکی سووردا بەرامبەر بە هۆتێلەکە، وەک دەزانین (ماڵ) یەکێکە لەوشوێنانەی کە کارەکتەر بە شوێنی هۆگری خۆی دادەنێت، چونکە شوێنی حەوانەوەی تاکەکانە لەپەرەگرافێکی ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((مالەکەی یارخان،لە ناو کۆشکی سووردا یەکێکە لەو فێلاَ دوو نهۆمییە لیکسانەی، بە باخچەیەکی سەوزی بازنەیی گەورە و پەرژینێکی سوور دەورە دراوە، دیزاینە تایبەتییەکەی وا دەکات تاڕادەیەک لە کەش و هەوای گشتی کۆشکەکەی داببڕێت و یارخانیش لای خۆیەوە بەتاقە ماڵی خۆی بزانێت))(قادر،2021 :16))، دیارە تایبەتمەندی ماڵەکەی یارخان بەشێوازێکە کە هەرکاتێک دەگەڕێتەوە بۆماڵەکەی بۆنی خۆڵی لێ نایات، بەراورد بە هۆتێلەکە، کە بەلای یارخانەوە شوێنێکی ناهۆگرە، بۆیە هەمیشە بەراوردو خاڵی لێکچون و جیاوازی ئەو دوو شوێنە دەخاتەڕوو، لە پەرەگرافێکی تردا هاتووە ((تەنها لێکچوونێکی نێوان حەمامی هۆتێلەکە و حەمامی ماڵەکەی خۆی، ئەو ئاوە گەرمەی بە دوشەکەدا دێتە خوارەوە، لە ناو حەمامەکەدا هەست دەکات چەندە غەریبی بۆنی شامپۆ، هاڵاوی ئاوو

نەرمی خاولییەکانی دەکات.....یارخان چێژ لە ڕژانی ئاوە گەرمەکە و هەستانی ئەو هەڵمە دەبینێت بەسەر جەستە وشکەکەیەوە)) (قادر،2021 :18) دیارە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ماڵەکەی یارخاندایە وای کردووە بەلای یارخانەوە شوێنێکی هۆگربێت و تێیدا هەست بەئاسوودەیی و پشوو بکات، لەگەل ئەوەی ئەم جۆرە شوێنانە و (ماڵ) بە گشتی بەلای هەمووانە هۆگرە، بەڵام ڕۆماننوس وای کردووە، ئەو شوێنەی مەئلوفە کە(ماڵ)ە بەلامانەوە، فۆرمێکی ئیستاتیکی ببەخشێت، هەروەها دیارە شوێنی کۆشکە سوورەکەش بە پێی کارەکتەرەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت لەڕووی پەیوەستبوونەوە، چونکە بەلای هەندیک لە کارەکتەرەکان، دەبێتە شوێنێکی نا هۆگر،دواتر دەتوانین، لە شوێنی نا هۆگر(بێ ئۆقرەیی)دا ئاماژەی پێبدەین.

لە ڕۆمانی (مناڵێک لەسەر مانگە)دا ڕۆماننوس خوێنەر بە دوو شوێنی هۆگر ئاشنا دەکات، یەکەمیان کاتێک گێڕەرەوە لە دوای کۆچی دوایی سەید موحسین، هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بوو چۆن هاتووچۆی ماڵی سەید موحسین بکات و ئاشنای هەموو ئەو تابلۆیانە بێت سەید موحسین پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات نەخشاندبوونی، بەڵام دواتر خێزانەکەی سەید موحسین کرێی خانووەکەی دەهێنا و لەدەرگاوە دەگەڕایەوە، بۆیە هەموو کات بە لای گێڕەرەوەوە ماڵەکەی سەید موحسین شوێنێکی هۆگر بوو، چونکە هەمووکات چێژی لەو نەخش و تابلۆیانە وەردەگرت کە سەید موحسین درووستی کردبوون،لەپەرەگرافێکدا هاتووە: ((منیش جارێکی تر نەمتوانی وەک جاران بچمەوە ناو ژوورە قەڕەباڵغەکەی سەید موحسین، کە پڕبوو لە تابلۆی خەت و شووشەی مەرەکەب و پارچەقوماش و تەختە، لەگەڵ ئەو تابلۆیانەی پڕبوون لەپیاوی ریشن، لە خوار تابلۆکانیشەوە ئەو نیوە دێڕانە نووسرابوون، کە ئەوسا تێیان نەدەگەیشتم، نەمدەزانی هەندێک لەو وێنانە تابلۆکانی مقاماتی حەریری و چیرۆکەکانی یوسف و زوله‌یخای جامی و شانامەی فیردەوسین، هەر دوای مردنی دەرگای ژوورەکەیان توند کلیل دا،))(قادر،(أ)2021 :14) بێگومان بەلای گێڕارەوەوە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ماڵەکەی سەید موحسیندا هەبوو وای کردبوو ببێتە شوێنێکی هۆگر و ئاسوودەی بکات، بە پێچەوانەی کارەکتەری ژنی سەید موحسین کە پێدەچێت بۆ ئەو ناهۆگر بێت، بێگومان وەکوو ئاماژەمان پێدا شوێنەکان لەڕووی پەیوەستبوونەوە لە کارەکتەرێکەوە بۆ کارەکتەرێکی تر جیاوازە، هەروەها زۆرجار شتە مەئلەوفەکانی ژیان ڕۆڵیان لە هۆگربوونی شوێنەکان هەیە، بۆیە نووسەر لەڕێگەی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ماڵەکەی سەید موحسیندا هەیە وەکو (تابلۆ شووشەی

مرەکەب،پارچە قووماش) هەموو ئەمانە لە لامان مەئلووفن(ئاشنا)ن، بەڵام نووسەر لە دەقەکەیدا ئاماژەی پێداوە و شیعریەتی بەدەقی ڕۆمانەکەی بەخشیوە، هەروەها لەو کاتەی یاروەلی و سیا بڕیاری ئەوە دەدەن لە چۆڵەوانیدا بژین، یاروەلی بە مجێورەکە دەڵێت ((بەدوایماڵێکی دوور لەئاوەدانیدا دەگەڕێم، بەکرێ یان بەکڕین، وەک ئەوە بێت مجێورەکە دەمێک بێت چاوەڕێی من و سیابێت، پێی گووتم: من خانوویەکم هەیە دەیفرۆشم، دوو سەعات لێرەوە دوورە بەیانی دەچین سەیری دەکەین)) (قادر،(أ) 2021 :92) چۆڵەوانی بەلای زۆربەمانەوە شوێنێکی نائاشنایەو و تێیدا هەست بەبێ ئۆقرەیی دەکەین، بەلام ئەوەی نامەئلوفە کاتێک مجێورەکە خانووەکەیان پێشان دەدات، هەستێکی خۆشی دایان دەگرێت لەگەل ئەوەی خانووەکە لەسەر گردۆلکەیەکی دوورە دەستە.((مجێورەکە هەر لەدوورەوە دەستی بۆ ڕاکێشا گوتی: ئەوە خانووەکەیە..لەگەل یەکەم بینینی خانوەکەدا خێرا لە دلی خۆمدا گووتم ئەوە مالی من و سیایە، ئەوە ئەو مالەی ئێمەیە کە چاوەڕوانمان دەکات تیایدا درێژە بەچیرۆکەکانی ژیانمان بدەین))(هەمان سەرچاوە :92))، گومان لەوەدا نیە کاتێک یاروەلی و سیا ئەو شوێنە هەلدەبژێرن، لەپێناو ئەوەدا کە ژینگەو حەزو خولیای خۆیان وا دەخوازێت، یاخوود بارودۆخی ژیانیان پێویست بەوە دەکات لە شوێنێکی وەهادا بژین،

**(ب):شوێنی( ناهۆگر) (بێ ئۆقرەیی):** ئەم جۆرە شوێنە بە تەواوی پێچەوانەی شوێنی هۆگرە(ئاشنایە)، مرۆڤ لەم شوێنانەدا هیچ هەستێکی ئارامی لەلا درووست نابێت و بەردەوام لە دڵەڕاوکێدایە،((مرۆف لەم شوێنانەدا هەست بەهیچ هۆگرییەک ناکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەست بەناڕەحەتی و نائارامی دەکات،لەم شوێنەدا مرۆف بەناچاری دەژیت وبەردەوام ململانێ لەگەڵ مەرگدا دەکات))(غفور،2024 :266) دیارە ئەم جۆرە شوێنە چەند جۆرێکی هەیە لەوانە ئەو شوێنانەی کە مرۆڤ تێیدا نەژیاوەو هەموو کات لەو شوێنانە مرۆف هەست بەبێ ئۆقرەیی دەکات وەکوو بیابانەکان هەروەها ئەو شوێنانەی بە شوێنی ئازار و ئەشکەنجەی مرۆف ناسراوە، کارەکتەر تێیدا هەست بەڕق و کینەو دوژمنایەتی دەکات، یان هەست بە مەترسی بۆ سەر گیانی خۆی دەکات وەکو (زیندان و کەژ و کێو،نەخۆشخانەکان.....هتد) ڕۆماننووس پێویستە بە شێوەیەکی هونەری مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە شوێنانەدا بکات، چونکە وێنەی کارەکتەرەکان پەیوەستە بەشوێنەوە، لەگەڵ ئەوەی توخمی شوێن لەڕۆماندا پانتاییەکە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم توخمەکانی تری رۆمان، هەروەها ئەم جۆرە شوێنانەش وێنەی دەلالەت ئامێز و فرە ڕەهەندن، تەنها بە ناوهێنانی ئەو شوێنە نا هۆگرانەی

باسمان کرد بەسە بۆئەوەی خوێنەر لە هزریدا چەندین پرسیار و بیرکردنەوە لەمێشکی دا سەرهەڵبدات، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕازاندنەوەی زمانی دەقی ڕۆماندا هەیە و شیعریەت بەدەق دەبەخشێت، چونکە ڕۆماننوس ئەو شوێنە مەئلوفە ی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەدی دەکەین لە بەرگێکی نامەئلوفدا دەیخاتە ڕوو، بەم پێیە دەتوانین بڵێین شوێنی ناهۆگر خزمەت بە فۆرمی دەقی ڕۆمان دەکات، و هۆکارێکە بۆ بەهونەریکردنی دەقی ڕۆمان.

لە ڕۆمانی (کۆشکە سورەکە)دا ڕۆماننوس بەپێی کاتەکان و کارەکتەرەکان شوێنی نا هۆگری تەوزیف کردووە، کاتێک کارەکتەری یارخان باس لەو ماوە دوورو درێژە دەکات لە کۆشکی سووردا بەسەری بردووە، بێگومان گوزارشت لەوە دەکات کە کۆشکی سور شوێنێکی هۆکرە، بەڵام کاتێک لەپەرەگرافێکدا هاتووە ڕۆماننوس باس لەو ساتانە دەکات، کە یارخان هەرگیز بیر لەماڵە باوانی ناکاتەوە، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە کارەکتەری یارخان ماڵی خۆیان بەشوێنێکی ناهۆگر دادەنێت، بۆیە گێرەرەوە ئاماژەی پێدەدات ((یارخان ئەوەندەی لەتوانای دایە زۆر کەم لە دەرەوە دەمێنێتەوە و شپرزەو خێراش دەگەڕێتەوە، وەک ئەوەی دەرەوەی کۆشک پڕبێت لە دڕندە و ناوەوەی کۆشک پڕبێت لە فریشتە، لە یەکەم ڕۆژەوە کۆشکی سوور بۆ ئەو هەستێک لە گەرمی و گەڕانەوەی بۆ ماڵ پێدەبەخشێت، لە کاتێکدا ماڵە ڕاستەقینەکەی باوانی لە هەمان شاردا تەنها چەند کیلۆ مەترێک لەکۆشکەوە دوورە، کەچی بۆ جارێکیش چیە نایەوێت بیر لە سەردانی بکاتەوە))(قادر،٢٠٢١ :٧٥) بەو پێیەی کارەکتەری یارخان وەکو خانمی یەکەمی کۆشکی سوور مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بەبێ ئەوەی هاوسەری کارەکتەری مەنسوور ئاغابێت، بۆیە هەمیشە ئەو ڕابردووەی خۆی لەیاد کردووە کە بیر لەماڵی خۆی بکاتەوە، لێرەدا ئێمە چەند پرسیارێکمان لە لا درووست دەبێت ئاخۆ لە تەوزیفکردنی شوێنی نا هۆگر ڕۆماننوس هەوڵی داوە گۆڕانکاری بکات؟ چونکە بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی منداڵێک لەسەر مانگەش ئەو بارودۆخەمان بەدی کردووە .

بێگومان ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ شوێن، وادەکات خوێنەر بەدوای پرسیاردا بگەڕێت، توشی بیرکردنەوەی قووڵ ببێت، لەبارەی توخمی شوێنەوە، هەروەها لە بەشێکی تری ڕۆمانەکەدا شوێنی ناهۆگر بەپێی هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان تەوزیف کراوە بۆنمونە کاتێ کارەکتەری موراد لەبەرە بەیانێکی زوودا هێرش دەکاتە سەر ساراخاتوون و فریدا لەو ڕووداوە بەدواوە، ساراخاتوون کۆشکی سوور لەلای دەبێتە شوێنێکی

ناهۆگ، لە دوا ڕووداوی ئەو بەرەبەیانەدا لەپەرەگرافێکدا هاتووە:(( سارا خاتوون بە پێی پەتی لەو بەرەبەیانە شینەدا بە سەر هەرێزی تەڕ، ژێر درەخت و سەر شۆستە چۆڵ و هۆڵەکاندا ، بەرەو هیدتۆرا دەڕوات هەست دەکات تەواو بە کۆشکی سوور غەریبە و چیتر هی ئەو نیە، سەرباری لە خەو هەستانی باڵدار و درەختەکان پێکەوە دەنگی خوێندنی بولبولەکان و ورشەی بە ئاستەمی گەڵاکان، هیچ کام لەوانە سەرنجی ڕاناکێشن)) (هەمان سەرچاوە:136) دیارە ڕۆماننوس وێڕای ئەو زمانی گێڕانەوەیەی کە بەکاریدەهێنێت لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا، کە بووەتە هۆی نامەئلوفکردنی دەقی ڕۆمانەکە ئەوەشمان پێدەڵێت کە شوێن لە نێو ڕۆماندا پەیوەندی تەوای بەڕووداوەکانەوە هەیە، هەروەها لەڕووی پەیوەستبوونەوە لە نێوان کارەکتەرەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ڕازاندنەوەی زمانی گێڕانەوەی ڕۆمان .

لە ڕۆمانی منداڵێک لە سەرمانگەدا ڕۆماننوس چەند شوێنێکی نا هۆگرمان پێ ئاشنا دەکات، کە بە پێی تایبەتمەندی و حەزی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە ئێمە دەتوانین دەست نیشانی شوێن ناهۆگرەکان بکەین،بۆ نموونە کاتێک کارەکتەری لاوەکی(ژنی سەید موحسین) بەردەوام گلەیی و گازەندەی خۆی لە لای دایکی گێڕەرەوە باس دەکرد و دەیگوت: ((هەندێ جار گوێم لە گلەیی ژنەکەی دەبوو، کاتێک لە لای دایکم باسی بێدەنگی مێردەکەی دەکرد، دەیگووت:من لە ماڵەوە لەگەڵ سەید هیچ قسەناکەم، تەنانەت منداڵەکانیش نادوێنێت، مەگەر ئەو کاتانەی نەخۆش بکەون بچێت دەستێک بخاتە قژیانەوە و هەواڵیان بپرسێت))(قادر،(أ)2021 :9)

لە شوێنی هۆگریشدا ئاماژەمان پێدا شوێنی هۆگری و ناهۆگری بەپێی خەسڵەتی کارەکتەرەکان لە هۆگرەوە بۆ ناهۆگر یاخود بە پێچەوانەوە، گۆڕانکاری بەسەردادێت، لێرەدا ماڵی سەید موحسین بەلای (ژنەکەیەوە) نا هۆگرە، چونکە سەید موحسین هیچ بایەخێک بە ماڵەوەی نادات بە هۆی سەرقاڵی بە تابلۆکانی و هونەری خەتخۆشییەکەیەوە، هەروەها بەلا گێرەرەوە بە پێچەوانەی کارەکتەری (ژنی سەید موحسین)ماڵی سەید موحسین شوێنێکی هۆگرە، هەروەها بە تێپەڕبوونی کات مرۆڤ پەیوەستبوونی بە شوێنەکان گۆڕانکاری بەسەر دادێت، لە دوای ئەو هەموو ساڵەی کە یاروەلی وسیا لەناو ئەو خانووەی سەر گردۆڵکەکە نیشتەجێبوون، لەدوای 15ساڵ، یاروەلی لە وەسفی ماڵەکەیاندا دەڵێت:((ماڵەکەمان لەماڵێک دەچوو بەسەر هێلکەیەکی

سوورەوە بێت، دەوروبەریشی پر لە هێلکەی سوور و وووردتر، لە دامێنی ئەم گردە هێلکەییانەوە تا چاو بڕی دەکرد دەشتێکی کاکی بەکاکی و ووشک و برینگ درێژ دەبوویەوە، ئێمە نە کەسمان دەبینی و نە کەسیش دەیبینین))(قادر،(أ)2021 :105))

لەگەل هەموو ئەو نەهامەتی و غەریبیەی کە یاروەلی و سیا لەو شوێنەدا چەشتبویان، بەتێپەڕبوونی کات شوێنەکەیان لەلا ناخۆش و بێ ئەقرە دەبێت، بە پێچەوانەی بۆچونی یەکەمجاریان کاتێک مجێوری مزگەوتی دێیەکە خانووەکەیان بۆ دەست نیشان دەکات، دیارە بەپێ ی ئەو کاتانەی کە سیا و یار وەلی لەو خانوەدا بوون، نامۆیی و دوورە دەستی وایکردبوو کە هەست بە جۆرێک لە نائارامی بکەن .

**ئەنجامەکان**

1- ئەگەر سیستمی زمان خۆی لە یاسا و ڕێساکاندا ببینێتەوە، ئەوا پرۆسەی نامەئلوفکردن دەبێتە هۆی بەزاندن و تێکشکاندنی ئەو ڕێسایانەی زمان لە پێناو شیعریەتی دەقی ڕۆمان، بۆیە دەتوانین بڵێن شیعریەتی ڕۆمان لە ئەنجامی لادان لە زمانی باوی ڕۆژانەدا دێتەکایەوە، هەروەها هونەری چنینی ڕووداوەکان لە ڕێگەی توخمە سەرەکییەکانی رۆمان وادەکات زمانی گێڕانەوەی ڕۆمان جیاوازبێت لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە.

2- لە توخمی شوێندا تایبەتمەندی ڕۆماننووس بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت، لە خولقاندنی ئەو شوێنانەی کە پێویستن لەڕۆمانەکەدا بەجۆرێک سەرجەمیان لەگەڵ حەز و خولیای ڕۆماننوسدا یەکدەکرنەوە، بەشێوەیەکی شیعری شوێنەکان وا بەستەی باری دەروونی کارەکتەرەکان لەڕۆمانەکاندا کراوە، بۆیە دەشێت بڵێین: شوێنەکان تا ڕادەیەک گوزارشتن لەخواستی ڕۆماننووس.

3- ڕۆماننووس سوود لە هەردوو جۆرەکەی توخمی شوێن وەردەگرێت لە ڕووی هەبوونەوە بۆ بە هونەریکردنی زمانی گێڕانەوەکەی، شوێنی فەنتازی یەکێکە لەو شوێنانەی کە ڕۆماننوس هەوڵ دەدات لەڕۆماندا بیخوڵقێنێت، بۆ دروستکردنی دونیایەکی جیاواز لە ئاسایی و ڕازاندنەوەی گوتاری ڕۆمانەکان بەهەمان شێوە ڕۆڵی لە نامەئلوفکردنی ڕۆماندا هەیە، چونکە دواجار خوێنەر کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت، بە هەمان شێوە شوێنی واقیعی کاریگەری خۆی لە نامەئلوفکردنی ڕۆمانەکاندا هەیە، چونکە ئەو شوێنانەی ڕۆماننوس لە ڕۆمانەکاندا

بەکاریدەهێنێت مەئلوفن و بەرکەوتەی هەستیمان لەگەڵیاندا هەیە، ڕۆمانووس لە بەرگێکی گێڕانەوەییدا ئاشنای خوێنەریان دەکات.

4- توخمی شوێن لە ڕووی پەیوەستبوونەوە دەتوانێت گۆڕانکارییەکی ڕێژەیی تێدا بەدی بکەین، بەنموونە ژنەکەی سەید موحسین لە بەرەنجامی گرینگی دانی زیاد لە پێویستی سەید موحسین بە تابلۆ وهونەری خەتخۆشی (ماڵ ) لە لای ژنەکەی سەید شوێنێکی ناهۆگر دەبێت، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی ڕۆماننوس لە بارە تەقلیدییەکەی ڕۆماننووسین دوورکەوتەوەتەوە کە هەمیشە (ماڵ) بەلای کارەکتەرەوە هۆگربێت، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر شیعریتی دەقی ڕۆمانەکە هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی:

### أ: کتێب:


1- ئەحمەدی،بابەک،(2004)،پێکهاتەو ڕاڤەی دەق،و. مەسعود بابایی، چاپی یەکەم ،هەولێر• ئەرستۆ،(٢٠٠٤)، هونەری شیعر، و.عەزیز گەردی، سلێمانی.

2- تاهیر، علی_عەبدوڵا،(٢٠٢٤)، کلیدان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی

3- تاهیر، عەلی،(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

4- خدر،ڕێزان ڕەحمان،(٢٠١٢)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵا سەراج)دا،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

5- سابیر، پەریز،(٢٠٠١)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

6- ساڵح، تانیا ئەسعەد محەمەد، بینای شوێن لەدوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا ((هێلانە، ئەژدیها))، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چ 1، سلێمانی، 2011

7- صالح، دیمەن عەبدوڵا،(٢٠٢٣)، شێوازەکانی گێڕانەوە له ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) بەختیار عەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی.

8- صالح، ئاوارە کەمال ،(٢٠٢0)، شێواز لەڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاوێر.

9- غەفور، شنۆئەحمەد،(٢٠٢4)، دیستۆپیا لەڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانی(نەتەوە زێرابەکان، ئەنفال لەئێوارەخوانێکی خواو شەیتانەکاندا،داگیرکردنی تاریکی) بەنموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

10- محمد، عەتا، (٢٠٠٤) ، فریو و خۆحەشاردان، چاپی یەکەم، سلێمانی، یانەی قەڵەم.

11- قەتووس، بەسام،(٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و.محمد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی

12- قادر،هیوا،(٢٠٢١)، کۆشکەسورەکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی .

13- قادر،هیوا_أ،(٢٠٢1)، منداڵێک لەسەرمانگە، چاپی سێیەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

14- وێبستەر، ڕۆجەر،(٢٠١٧) لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبی، و.عەتا قەرەداغی ،چاپخانەی تاران.

**ب: گۆڤار:**

15- تاتانی، د.محمد امین، (2015)، فەنتازیا لەڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیارعەلیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، (زانستە مرۆڤایەتیەکان)، ژمارە(٣٥)، کۆیە.

16- حمد، کاروان ئەحمەد، (٢٠٢٤)، پەیوەندی نێوان کارەکتەر و شوێن لە ڕۆمانی پیەدەشتی کارمامزە کوژراوەکانی (شێرزاد حەسەن)دا، گۆڤاری گێڕانەوە (گۆڤارێکی تایبەت بەگێڕانەوەناسی، ژمارە(٥)، هەولێر..

17- عەلی، بەختیار، (2003)، کۆچ بەرەو نا شوێن، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە(14_15)، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی

ج: نامەی ئەکادیمی:

18–ئەمین، فەرمان محمد، ( ٢٠٢٣)، نامەئلوفکردنی مەئلوف لەشیعرەکانی تەلعەت تاهیردا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

19– عەلی، تاهیر محمد،( 2013)، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو سالّی 2000_2010ز)، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

20– کەسنەزانی، بوشرا، (٢٠٢٢)، ئیستاتیکای گێڕانەوە لەئەدەبی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە) ،تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی_کۆلێژی زمان.

**دووەم: زمانی عەرەبی:**

**أ– كتاب:**

21– الداية، علياء، ( 2021)،جماليات الهوية في الرواية العربية المعاصرة (1985_2015)، الطبعة الولي، ديمشق_سوريا.

22– بوزيدي، فاطمة و بوغابة، عزيزة، 2024، نظم التشكيل السردي في رواية"حكايتي مع الراس المقطوع" ل "تحسين كرمياني"الطبعة الاولي، رؤيي للطباعة والنشر/كركوك .

23– بوزواوى، محمد، (2003)، قاموس مصطلحات الأدب، دار مدنى.

24– خطيب، ابراهيم، (١٩٨٢) نظريية المنهج الشكلي، نصوص الشكلانين الروس، الطبعة العربية الاولي. بيروت،لبنان

25– زيتوني، لطيف(2002) معجم مصطلحات نقد الرواية، مكتب لبنان ناشرون، بيروت،لبنان

26– يقطين، سعيد، (2006) ،الرواية و التراث السردي، الطبعة الاولي، القاهرة.

ب– المجله:

27–سعيد، د.زوزان صادق، (2024)، تقنيات الزمان والمكان فى استهلال (ثمانية روايات كوردية) روائيى دهوک أنموذجا، مجلة جامعة كركوک للدراسات الأنسانية المجلد (19) العدد الثانى_جزء الثانى، ص(1256_1296).

28– عارف، اشتى حسين، (2025)، مشكلات المراة فى الرواية (لعنة نوبهاران) لبختيار على، مجلة جامعة كركوک للدراسات الأنسانية المجلد(20) العدد ألأول_جزء الأول، ص(633_650)

29_ محمد، عزالدين صابر & على، بيستون عادل (2021)، المكان فى الرواية (عمى جمشيد خان.....) لبختيار على، مجلة جامعة كركوک للدراسات الأنسانيه، المجلد(20) العدد الأول_جزء الاول، ص(429_446)

**سێیەم: زمانی فارسی:**

30_ارليش، ويكتور، (1914)، فرماليسم روسى(تأريخ_اصول)، ترجمة: مسعود شيربچه، چاپ اول، نشر نقش جهان مهر، تهران.

31_تۆدرۆف، تزوتتان، (١٣٨٢)، بوطيقاى ساختارگرا، محمد نبوى، چاپ دوم، انتشارات اگاه.

**چوارەم: کتێب بەزمانی ئینگلیزی**

32_ Abrams, M.H. A,(1993), Glossary of literary Terms. New York: Holt Rinehart, and Winston.